KURDISTAN



# میتینگی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧
## ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- د.قاسملوو: هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، تاوانی تەجزییەتەڵەبییان پێ بەستووە ............
............................................................................................ کوردستان میدیا ..... ٣

٢- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفراندۆمێکی هەبوو ......................
.............................................................................. هەڤپەیڤین: دیاکۆ دانا ..... ٨

٣- میتینگی مەهاباد و پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین ........................ ئارمان حوسێنی ..... ١٤

٤- وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ................................. ئارەش لورستانی ..... ١٧

٥- گۆرانییەکی کۆن! ............................................................... کەریم پەرویزی ..... ٢٤

٦- پەیامێکی زیندوو ..................................................................... سمایل شەرەفی ..... ٢٩

٧- لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ـەوە بۆ ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ ........................................ سمایل شەرەفی ..... ٣٤

٨- دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆڕیادی ٤٠ ساڵەی میتینگەکەی١١ی ڕەشەمەی مەهابادا ............
................................................................................... کوردستان و کورد ..... ٣٨

٩- ٣٨ ساڵ دوای ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات ....................................... مەجێد حەقی ..... ٤٧

١٠- میتینگی ١١ی رەشەمە، هەڵەیەکی مێژوویی ................................................ مادح ئەحمەدی ..... ٤٩

١١- مێتینگی ئاشکرای حیزب ......................................................... برایم قەزاق ..... ٥٦

## د.قاسملوو: هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، تاوانی تەجزییەتەڵەبییان پێ بەستووە



(وتاری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە میتینگی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ لە شاری مەهاباد)

**کوردستان میدیا**

**ئاماژە**: لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و ئەو ئازادییە ڕێژەییەی باڵی بەسەر کەشی کوردستان و ئێراندا کێشابوو، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕیاری دابوو لە میتینگێکی گەورەدا دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی بەڕەسمی ڕابگەیەنێ. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی دیاری کردبوو کە بوو بە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا. ڕۆژێک کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا، و بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە زیاتر لە سەت هەزار کەسییەدا شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی

دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزب بۆ خەلک دوا.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە بۆخۆی لەگەڵ نەمر جەلیل گادانی یەکێک لە وتاربێژانی دیکەی ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانە بوو، لە وتارێکدا دەڵی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ دوای ٢٥ی گەلاوێژ، دامەزرانی حیزبی دێموکرات و ٢ی ڕێبەندان، دامەزرانی کۆماری کوردستان سێهەمین ڕۆژ و ڕووداوی گرینگی مێژووی ژیانی حیزبی دێموکراتە. "کوردستان" لە ٤٤ ساڵەی ئەو ڕۆژە مێژووییەدا دەقی وتارەکەی د. قاسملوو بۆ خوێنەرانی ئێستای بڵاو دەکاتەوە کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە مانیفێستی سەدە، یان مانیفێستی حیزبی دێموکرات ناو دەبرێت.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**میوانانی خۆشەویست!**
**خەڵکی بەشەرەف و شۆڕشگێڕی مەهاباد!**
**هاوڕێیانی خەباتگێڕ!**

ڕێگام بدەن بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ بکەم و بەختیاری و دڵخۆشیی خۆم و هاوڕێیانم لە پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە مەزن و مێژووییە دەرببڕم. سپاسی هەموو خوشک و برایانی خۆشەویست و میوانانی بەڕێز دەکەم کە زەحمەتیان کێشاوە و لە شارەکانی دورر و نیزیکی کوردستان و ئێرانەوە، بۆ بەشداریکردن لەم میتینگەدا لێرە ئامادە بوون. هەروەها سپاسی دانیشتووانی مەهابادی قارەمان دەکەم کە هەم بە بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا، هەم بە میوانداریيان ئیمکانی تەشکیلی ئەم میتینگەیان پێکهێناوە.

سڵاو لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئێران و گەلی کورد کە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان بۆ ئێمە ئامادە کرد. سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەل، کە لە ساڵانی ڕەشی ئیستبدادی پاشایەتیدا، نیشانەی بەرزی فیداکاری و ئینسانییەت، نیشانەی زیندووبوونی گەل و سیمبولی درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانەکەمان بوون. سڵاو لە برایانی فارەس، ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، ئەرمەنی، کەلیمی و هاوخەباتانی ئێمە لە شۆڕشی ئێراندا.

**هاونیشتمانان!**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی ئەمڕۆ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکا. لە ماوەی ساڵانی چالاکی نهێنیدا، ئەندامانی حیزبی ئێمە چ فیداکارییەک کە نەیانکردووە، چ زەحمەتێک کە نەیانکێشاوە، چ تەنگوچەڵەمەیک کە تووشی نەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهیدی زۆری داوە، زیندانیی زۆر بووە، ئەندامان و لایەنگرانی بەدبەختی و کوێرەوەرییان زۆریان دیوە. بەڵام ئەندامانی حیزبی ئێمە بە پشتیوانیی خەڵک ڕێگای خەباتی بەر نەداوە و ئێستاش سەربەرز و دڵنیا لە هێزی خۆیی و هێزی بێپایانی گەل بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، ڕاوەستاوە و پەیمان تازە دەکاتەوە کە لە دواڕۆژیشدا، بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، بۆ پتەوکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، لە هیچ تێکۆشان و گیانبازییەک نەکشێتەوە. گەلی کورد بەحەق چاوەڕوانی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی، شەهیدانی چوارچرا، حیزبی شەهیدانی فەیزوڵڵابەگی، مەلا ئاوارە، برایانی موعینی، شەریفزادە، مەحموودی زەنگەنە، نحۆ، وێردی، حیزبی عەزیز یووسفی، سەدانی شەهیدی کرماشان، سنە، سەقز و... سەدان زیندانی قارەمانی هەموو ناوچەکانی کوردستانە.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری کۆماری مەهاباد، یەکەم حکوومەتی گەلی کورد لە تاریخی نوێی کوردستاندایە. یادی ئەو کۆمارە و سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکانی ئێستاش، لە بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکدا، هەر زیندووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٦ و١٣٤٧ە کە بە سەرکردەیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، حیزب هەتا دوا هەناسە تا شەهیدبوون لە ئامانجەکانی حیزب و گەل دیفاعیان کرد. حیزبی ئێمە لە ماوەی ٢٥ دیکتاتۆریی ڕەشی حەمەڕەزا شادا، لە دیفاع لە مافی گەلی کورد و قازانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان درێغی نەکردووە. ئەندامان و لایەنگرانی هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوی خەباتدا بوون. هەموو پێکەوە دەبێ تێبکۆشین جارێکی دیکە ڕێژیمی شا و هەرچەشنە ئیستبدادێکی دیکە زیندوو نەبێتەوە.**

**پاراستنی ئازادییە دێموکراتییەکان و دابینکردنی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا، زامنی ئەسڵیی بەرەوپێشچوونی شۆڕش بۆ بە دەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوایەتیی گەلەکەمانە. بەبێ ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە مافی گەلی کورد بەتەواوی دابین نابێ و بێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، ڕێژیمێکی دێموکراتیک تا سەر پێک نایەت. گەلی کورد وەکوو هەموو گەلانی دیکە ئێران، هەقی هەیە بەڕەسمی پێی بگووترێ، کە ستەمی نەتەوایەتیی میراسی شوومی ڕێژیمی کۆنەپەرستی شا لەنێو دەچێ و شوێنەواری نامێنێ. دەبێ نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی موئەسسان و لە دانانی قانوونی ئەساسیی تازەی ئێراندا بەشدارن بن تا بتوانن مافی ڕەوای گەلانی ئێران و گەلی کورد لەم قانوونەدا**

بگونجێنن.

تاوانبارکردنی گەلی کورد بە جیاوازیخوازی و تەجزییەتەلەبی گۆرانییەکی کۆنە و هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردووە، ئەم تاوانەیان پێ بەستووە. ئێمە لە کاتێکدا ئەو تاوانە بە تەوتیئەی دوژمنانی شۆڕش دەزانین و بەتەواوی ڕەدی دەکەینەوە، ڕادەگەینین کە لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، دووپاتەی دەکەمەوە، لە سەرانسەری کوردستانی ئێران، هیچ هێزێکی سیاسی جیاوازیخواز و تەجزییەتەلەب نییە. گەلی کورد بە تێکڕایی داوای مافی نەتەوایەتیی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا. ئەگەر دوژمنانی شۆڕشی ئێران و گەلی کورد پێیان وایە کە بە سازکردنی تاوانی جیاوازیخوازی و تەجزییەتەلەبی دەتوانن گەلی کورد، ناچار بکەن حالەتی دیفاعی بەخۆییەوە بگرێ و داوی مافی ڕەوای خۆی نەکا زۆر بەهەڵە چوون. ئێمە مافی دانانی چارەنووسی خۆمان، حەقی تەعینی سەرنوشتی خۆمان دەوێ و بۆ ئەم مافە بە هەموو هێزمانەوە تێدەکۆشین.

**هاونیشتمانیان!**

ئێستا کە لە ئێراندا هەلومەرجێکی شۆڕشگێری پێکهاتووە، پێمان خۆشە ڕابگەیەنین کە دەوڵەتی شۆڕشگێری مەرکەزی نابێ هەوڵ بدا ژاندارمێرێ و شارەوانی بە شێوەی پێشوو لە کوردستان و سەرانسەری ئێران زیندوو بکاتەوە. ئیدارە و هەڵسوڕاندنی کاروباری نێوخۆی کوردستان، دەبێ بە دەست خەڵکی کوردستانەوە بێ. هێزی ئیجرایی ناوەوە دەبێ پێڕەوی لە شۆراکانی ئینقلابی بکا کە لە شار و دێ پێکهاتوون. لەسەر ئەرتەش ئەزرمان ئەوەیە کە ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی هەڵوەشێ و لە جێگای ئەو تەرتەش گەلی و برای خەڵک کە تەنیا ئەرکی دیفاع لە سنوورەکانی وڵات بێ، دابمەزرێ. لە دوارۆژ دا، نابێ ڕێگا بدرێ، ئەرتەش دەستدرێژیی بەسەر خەڵکدا بکا و ببێتە گۆپاڵی دەستی دەوڵەت، بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی خەڵک. کوردستانی ئێران دەبێ لە حالەتی ناوچەیەکی میلیتاریزە، نیزامیکراو بێتە دەر و ئەو پادگانانە کە بۆ دیفاع پێویستن، دەبی لە نیزیک سنوور بن نەک لەنێو شارەکانی کوردستاندا.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**

شۆڕشی ئێران هەتا ئێستا هەنگاوێکی گەورەی هەڵێناوە، بەڵام ڕێگایەکی دووریشی لەبەرە. بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تازە وەدەست بێنین، یەکیەتی و خۆڕێکخستنمان پێویستە. نابێ ڕێگا بدەین دوژمن لەنێوماندا، ڕەخنە بکا و دووبەرەکی و ناکۆکی پێک بێنێ. نابێ ڕێگا بدەین هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی، دژی چین و توێژێکی نیشتمانی دیکە، عەشیرەتێک دژی

عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێ. نابێ ڕێگا بدەین دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی بین و تەمرینی دێموکراسی بکەین. کوردستان هەروەکوو ئیران پاوانی هیچ حیزبێک و دەستەیەکی سیاسی تایبەتی نییە. با هەموومان بەرنامە و بیروڕای خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵک، و خەڵک ئازادانە ڕێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ. هەرچەشنە تێرۆری فیکری دەبێ لەنێو بچێ و هیچ کەس لەبەر بیروباوەڕی خۆی نابێ بخرێتە ژێر فشار. لەسەر دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بیروڕا و بەرنامە و داخوازەکانی حیزبی ئێمە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بەشێوەیەکی دێموکراتیک بڵاوکەنەوە و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشن. لەسەر ئەندامان و کادرەکانی حیزبی ئێمەیە کە بە هەموو هێزیانەوە، بۆ بووژاندنەوە و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی تێبکۆشن و هەرگیز نابێ لەبیریان بچێ کە ڕێکخراو، تەشکیلات چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە. ئەو چەکەمان پێ بێ هەموو قەڵایەکمان پێ دەگیرێ.

**هاونیشتمانان!**

**هاوڕێیان و میوانانی خۆشەویست!**

جارێکی دیکە بەخێرهاتن و پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هیوام ئەوەیە کە گەلی کورد بە تێکۆشانی هەموو ڕۆڵە بەشەرەفەکانییەوە، هەر بیروباوڕێکیان هەبێ و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران، لەم خەباتە مێژووییەدا سەرکەوێ. با بەرهەمی خەباتی شێلگیر و یەکگرتووی ئێمە، جمهوورییەکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران بێ.

**بژیی شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران!**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، لە ڕێگای دێموکراسی و سەربەخۆییدا!**

**سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە ڕێگای خودموختاری کوردستانی ئێراندا!**

**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد!**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣ی ڕەشەمە ٢٧٢٢ کوردی = ٤ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو



**هەپەیڤین: دیاکۆ دانا**

**ئاماژە:** ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕۆژێکی هەرە مێژووییە لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. لەودا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە لە تێکۆشانی نهێنیی ئەو حیزبە ڕاگەیاندرا. ئەگەر ٣٢ ساڵ پێش ئەو ڕۆژە لە چوارچرای مەهاباد نەمر قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکرات لە میتینگێکی هەزاران کەسیدا گوتاری سیاسیی کوردی بە گوێی هەمووان دادا و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ئەمجارەیان دیسان هەر لە مەهاباد، ئەوە شەهید د. قاسملوو بوو لە میتینگێکی زیاتر لە سەت هەزار کەسیدا و لە مانیفێستێکی سیاسیدا دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.

"کوردستان" بۆ تیشک خستنەسەر بایەخی مێژوویی میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسیی حیزب لەو ڕۆژەدا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، خەباتکاری لەمێژینە و سیاسەتمەداری کورد کە یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو میتینگەش بووە، پێکهێناوە:

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا ١١ ڕەشەممەی ئەمساڵ ٤٤ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئاشکرای چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێ. ئامانجی حیزب لەو میتینگە چ بوو؟**

**وەڵام:** لەپێشدا سڵاو بۆ ئێوە و خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. پیرۆز بێ یادی ڕووداوی مێژوویی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ کە بەهەق سەرەتایەک بوو بۆ زۆر پێشهاتی گەورەی مێژوویی لە کوردستانی خۆشەویست. بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم:

پێکهێنانی ئەم میتینگە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئامانجی دیکە لە پشتەوەی ئەو ڕاگەیاندنە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی - ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە-، تاریکایییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، بیروبۆچوونەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵک بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیەویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە. کورد دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ دەبوو بزانین ئەمڕۆ چەندین.

ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەوتوو پێش ئەو ڕۆژە، هێندێ کەس داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە! کە هەر لەوێدا دوکتۆر گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو بە هەمووان نیشان بدەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی: هاوپێوەندی لەنێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی - ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لە واقیعدا بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی تەنانەت کۆمەڵەش بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد-، دەمانەویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵی دواییدا گرتوویەتە پێش، وەلا بنێ و یەکێک لە ڕیشەدارترین موشکلاتی کۆمەڵی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو ئەگەر ئێمە داوای موجەوویزی تێکۆشانی ئاشکرا لە کۆماری ئیسلامی بکەین، ڕەنگە بە چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە و دووریش نەبوو جوابەکەمان مەنفی بێ و پێمان بڵێن نەخێر نابێ. بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە

ئێستا ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە هەلومەرجی ئەوڕۆژەدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری خەڵکی دەستی بە کار کردووە؛ بەئاسانی ناتوانێ لە دژی بوەستێ. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقێکی قانوونیی خۆمان دەزانین و کەلکیشی لێوەردەگرین.

**پرسیار**: ئەم ڕووداوە لەوکاتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەمڕۆش دانا؟

**وەڵام**: میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە کاتی خۆیدا بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو. چونکە بەڕاستی نیشانی دا کە ئەم حیزبە چ پێگەیەکی بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە و بێ لەخۆبایی‌بوون دەتوانین بڵێین لەو ڕۆژەوە دێموکرات بووە حیزبی جێی هیوای خەڵک و تەنانەت مەرجەعێکی سیاسییش. وتاری دوکتور قاسملووش بوو بە مانیفێستی ئەم حیزبە کە هەتا ئێستاش لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆیدا هەر ئەو ئەسڵانە وەک سەرمەشق و ڕێنیشاندەر چاو لێ دەکا کە لەو میتینگەدا هاتوونە گۆڕێ.

پرسیار: وەک ئاماژەتان پێ دا دوکتور قاسملوو وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبدا وتاری سەرەکیی ئەو میتینگەی پێشکێش کرد. هێڵە گشتییەکانی ئەم وتارە چ بوون؟

**وەڵام**: وتاری دوکتۆر قاسملوو کە لەڕاستیدا بە پەسندی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبیش گەیشتبوو، چرای ڕوونکەرەوەی ڕێبازی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بوو. (ئەودەم وشەی ئێران بەشێک لە ناوی حیزب نەبوو) زۆر ئەسڵی گرنگ و سەرەکی لەو وتارەدا گونجابوون، لەوانە هەە وەک نموونە:

- دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بەرانبەر ڕێبەران و بنیاتنەرانی حیزب و هەموو ئەوانەی پێش ئەوکاتە نەخشێکیان لە بەرەوپێشبردنی کار و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا یاری کردبوو.

- خوێندنەوە و بە گرنگ‌زانینی نەخشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و بانگهێشتنی هەمووان بۆ یەکگرتن و هاوخەباتی لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

- پێداگرتن لە سەر هاوکاری و خەباتی هاوبەشی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان چ ئەوانەی ئەو کاتە لە مەیدان

بوون و چ ئەوانەی دواتر پێیان نایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی.

- بانگهێشتنی هەمووان بۆ تەمرینی دێموکراسی و پێداگرتن لەسەر ئەوە کە کوردستان لە پاوانی هیچ گرووپێکدا نییە و هەمووان بۆیان هەیە لە فەزایەکی کراوەی دێموکراتیدا بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان بدەن.

- داوای نیزیکی و هاوکاریی هەموو هێزە سیاسییە ناوچەیی و سەرانسەرییەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک کە تێیدا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن.

- داوا لە دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دێموکراتیکی نیشتمانی و بەڕەسمیناسینی ماف و ئازادییەکان و وەلانانی سیاسەتی میلیتاریستی و بەدوورگرتنی سوپا لە دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی و تەرخانکردنی تواناکانی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سنوورەکانی وڵات.

- هەروەها بانگهێشتکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی و بەدوور لە دەستەبەندییە نیزامییەکان.

- ڕەتکردنەوەی تۆمەتی بێبنەمای جیاوازیخوازی و ڕاگەیاندنی ئەم ئەسڵە کە ئەو جۆرە تۆمەتلێدانە ناتوانێ خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی بگێڕێتەوە.

**پرسیار**: گرینگیی پەیامەکەی د. قاسملوو لە چیدا بوو؟ ئەو پەیامە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوانگەی خەڵک بۆ حیزب و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد و حیزبی دێموکرات و ڕوانینی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دانا؟

**وەڵام**: گرنگیی ئەو وتارە پێش هەموو شتێک لەوەدا بوو کە پاش پتر لە سێ دەیە لە ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکەمین جار بوو خەڵک گوێیان لە باسێکی ورد و جامیعی سیاسی دەبوو کە بە جۆرێک هەموو بوارەکانی ژیان و خەباتی هاونیشتمانانی لەخۆ گرتبوو. کاریگەریی وتارەکە لەسەر بیروڕای خەڵکی کوردستان وا دەبینم کە پوختەی ویست و داخوازەکانی گەلی کوردی بۆ هەمووان گەڵاڵە کرد و بەش بەحاڵی خۆم شوێنەواری ئەو وتارە و لەویش زیاتر پەیامی حیزبی دێموکرات لە زوربەی بۆچوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەدی دەکەم. بۆ باسی کۆماری ئیسلامی وا بزانم ئەوەندە بەسە کە پاش ئاشنابوون بە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژیم هەرگیز ڕێگای نەدا ئەم حیزبە لە ڕێگای ڕادیۆ



سەرچاوە Serchawe

تەلەڤیزیۆنەوە سیاسەتەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باس بکا، چونکە دەیزانی کۆی ڕوانگە سیاسی و نیشتمانییەکانی حیزب لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە بە ئەرێنی وەردەگیرێن و پڕوپاگەندەی ڕێژیم بە دژی حیزب و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد پووچەڵ دەکەنەوە.

**پرسیار**: بێگومان حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی میللی-دێموکراتیک هەمیشە باوەڕی بە بەها و بایەخە نەتەوەییەکان هەبووە، حیزب دوای ١١ی ڕەشەممە چۆن توانی پێشەنگایەتیی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە کوردستاندا بکات؟

**وەڵام**: ڕاستگۆیانە دەڵێم پێش دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هەموو هێزە کوردستانییەکانی دیکەش بیری نەتەوەیی و داخوازی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کورددا هەبووە و نەخشی حیزبە سیاسییەکان پتر لەوەدایە کە فۆڕمی هێنانەگۆڕ و داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان داهێناوە و زیادیشم نەگوتوە ئەگەر بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردی نەخشی بنەڕەتیی لەو بوارەدا گرتۆتە ئەستۆ. بەو حاڵە پێم باش نییە باسی پێشەنگایەتیی حیزب بکەم و لە نەخشی ئەوانی دیکە کەم بکەمەوە. باشترە قەزاوەت لەو بارەیەوە بۆ خەڵک بەجێ بێڵین.

**پرسیار**: بەڕێز مامۆستا لە وتاریکدا کە چەند ساڵ لەوە پێش بەو بۆنەیە پێشکێشتان کرد، فەرمووتان کە وتارەکەی د. قاسملوو بۆ ئێستاش تازەیە؟ مەبەست چییە؟ مەبەست لە وەدینەهاتنی بەرنامە و داخوازەکانی کوردە، یان ئەوە کە دۆخی سیاسیی وڵات نەگۆڕاوە؟

**وەڵام**: ئەوە ڕاستە کە بەداخەوە هێشتا داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بەڕەسمی نەناسراون و وەدی نەهاتوون و بۆ بەدەستهێنانیان هێشتا خەباتێکی سەخت و ڕێگایەکی دوورودرێژمان لەپێشە، بەڵام لەوێدا مەبەستم ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو و بەگشتی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە کە پاش ٤٤ ساڵ و بگرە دوای ٧٧ ساڵ ئێستاش هەر ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانن و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار هاوشانن.

**پرسیار**: ٤٤ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە ئەگەر جەنابت بفەرمووی شتێکی زیادە بخەیە سەر ئەو بابەتە، یان قسەیەکی نەگوتراوتان مابێت.

**وەڵام**: هیچم نییە لێی زیاد بکەم و گرنگیی وتارەکەش هەر لەوەدایە. بەڵام ئەگەر قەرار بێ پتری لەسەر بدوێم دەڵێم،

دوو ڕێبەری زانای حیزبی دێموکرات -پێشەوا قازی محەممەد و دوکتۆر قاسملوو- زۆر میراتی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین کە یەکێک لە گرنگترینەکانیان واقیعبینی و تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی خەبات و پارسەنگی هێزەکانە. هیوادارم حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرەکانی لە هەر پلەیەکی بەرپرسایەتیدا بن قەدری ئەو میراتە بەنرخە بزانن و لە قسە و کردەوەدا بەکاری بەرن. دوکتۆری نەمر زۆرجار پێی دەگوتین هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی ڕەوا پیرۆزە، بەڵام سیاسەت لەسەر بناخەی ئارەزوو ناکرێ و سەروکاری لەگەڵ واقیعییەتەکانە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا = ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمە ٢٧٢٢ی = ٨ی مارسی ٢٠٢٣

## میتینگی مەهاباد و پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین



**ئارمان حوسێنی**

**(۱۱ی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی – یاریگای وەرزشیی شاری مەهاباد – وتاربێژ: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)**

لە ڕۆژی ۱۱ی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوی کە هێشتا چەند ڕۆژێک بەسەر شۆڕشە مەزنەکەی هەموو نەتەوەکانی ئێران دژی دەسەڵاتی پاشایەتی تێپەڕیبوو، خەڵکی شاری مەهاباد (پێتەختی کۆماری کوردستان) و میوانەکان کە لە شار و گوند و ناوچەکانی دوور و نزیکی کوردستانەوە هاتبوون، هەموو لە یاریگای شار کۆ بوونەوە تا لە زمانی دوکتور قاسملو، ڕێبەری ناوداری حیزبی دێموکراتەوە هەواڵی دووبارە دەستپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پاش ۳۲ ساڵ چالاکی نهێنی، ببیسنن. ئەم کۆبوونەوە گرینگ و هەزاران کەسییە لە ئەدەبیاتی حیزبیدا بە "میتینگی مەهاباد" ناسراوە و لەو میتینگەدا حیزبی دێموکرات وێژمان و ڕێبازی خۆی کە لەڕاستیدا هەمان خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بە تایبەتی "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین"ی پاش ۳۲ ساڵ خەباتی نهێنیی خۆی ڕاگەیاند.

دوکتور قاسملوو، ڕێبەری کاریزمای حیزبی دێموکرات وتەکانی خۆی لە ڕۆژی ۱۱ی ڕەشەمە بە بەرزنرخاندنی خەباتی ڕەوای



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەی کورد و یادێک لە خەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و باقی ئایینەکانی ئەو وڵاتە دەست پێ کرد و پێداگریی لەسەر ئەو ڕاستییە کردەوە کە حیزبی دێموکرات تا دابینبوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و بنیاتنانی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێران بە چەشنێک کە هەموو نەتەوەکان بە مافەکانیان بگەن، بە خەباتی شێلگیرانەی خۆی درێژە دەدات. بەڕێزیان دیسان پێداگرییان کرد لەسەر خواستی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کە خوازیاری دابینبوونی مافە نەتەوەییەکان و بەفەرمی ناسینی مافی چارەی خۆنووسینە. هاوکات بۆچوونی دوکتور قاسملوو لە هەمبەر تۆمەتی خەیاڵی "تجزیەطلبی" ئەمە بوو کە ئێمە بە هەموو تواناکانمانەوە بۆ دابینبوونی مافەکانمان و چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین خەبات دەکەین و ناوەندگەراکان بە هەڕەشە و چەواشەکاری ناتوانن پاشگەزمان بکەنەوە. ئەسڵی مافی چارەی خۆنووسین بەردەوام لە حیزبی دێموکراتدا لەسەری پێداگری کراوەتەوە و شادەماری بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبەیە و لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتدا جەخت لەسەر خەبات بۆ دابینبوونی مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتدا کراوەتەوە، ئەڵبەت شانبەشانی باقی نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێرانی.

بە گەڕانەوە بۆ یاسا نێونەتەوەییەکانیش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین" یەکێک لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی یاسای نێونەتەوەییە. ئەم ئەسڵە لە مادەی یەکەمی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و وەکوو یەکێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپاوە. جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئاوا دەڕوانێتە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین کە مافێکە دەبێتە هۆی پێوەندی دۆستانە و ئاشتیخوازانەی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان.

بە نەختێک تێفکرین لە وتە مێژووییەکانی دوکتور قاسملوو کە لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ٥٧دا باسیان کرد و هەروەها بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات و یاسای نێونەتەوەیی، بەڕوونی ئەم ڕاستییە دەر دەکەوێت کە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین یەکێک لە کۆڵەکە قایمەکانی ڕاگرتنی پێوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکانە، بەم واتایە کە کاتێک مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین نەتەوەکان دابین بێت و بە وێژمان و بیرێکی کراوەوە لەگەڵ نەتەوەکان بدوێین و بە دوای خۆسەپاندن و حاشاکردن لە نەتەوەکان نەبین، ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین خۆی وەک دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیانی دڵخوازانە دەردەخات، نەک هەڕەشە. نموونەگەلێکی زۆر هەن کە بە بەفەرمیناسینی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان یەکیەتی و سەقامگیری و گەشەی وڵاتەکە بەهێزتر بووە. وڵاتانی وەکوو "کانادا، هیندوستان و وڵاتانی ئورووپایی. لە وڵاتی کانەدا دەبینین کە فەرانسەیی زمانەکانی ئەو وڵاتە کە لە "کەبێک" دەژین مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەفەرمی ناسراوە بەڵام خەڵکەکەی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا ماونەتەوە و نەک هەر نە بوونەتە مایەی هەڕەشە بۆ کانەدا، بەڵکوو هۆکارێک بوون بۆ گەشە، دەوڵەمەندی و بەهێزبوونی ئەو وڵاتە.



سەرچاوە Serchawe

بەداخەوە لە ئێراندا هەر کاتێک پرسی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین لە لایەن نەتەوە بندەستەکانەوە دێتە بەرباس، زۆر زوو تۆمەتی جیاییخوازی لە هەمبەر مافی ڕەوای چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان زەق دەبێتەوە. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە بۆچی ناوەنگەراکان ئاوەها لەگەڵ ئەم پرسەدا دەجووڵێنەوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەچینە سۆراغی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ئەسڵی یەکەمدا هاتووە کە "حکوومەتی ئێران، کۆماری ئیسلامییە کە نەتەوەی ئێران بە هۆی باوەڕی دێرینەی خۆی بە زۆرینەی ڕەهای ٩٨،٢% لە ڕێفراندۆمی ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و هەشت دەنگی پێ داوە. دڵنیام کە ئاگاداری پرۆژەی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانیش هەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتداری ڕەزا پاڵەوی (ڕەزا میرپەنج) دەستی پێکرد و بە پێی یاسای بنەڕەتی سەردەمی پاڵەوی، ئێران حاشا لە بوون نەتەوەکانی ئێران کرا چ بگات بەوەی مافی چارەی خۆنووسینیان هەبێ، بە چەشنێک کە لە یاساکەدا هاتبوو؛ ئێران وڵاتێکی یەک نەتەوە، یەک ئاڵا و یەک زمان و...

ئەو فاکتانەی کە لەسەرەوە باسیان لێوە کرا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە خەباتی دوور و درێژ و خوێناوی کە نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە بۆ دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانیان و بەفەرمی ناسینی چارەی خۆنووسین کردوویانە و بەردەوامیشن، لەمپەرێکی گەورەی بە ناوی ویژمانی ئێرانشاری لە پێشە و تا ئەو ڕۆژەی کە ئەم تێگەیشتنە سەقەت و خۆسەپێنە جێی خۆی نەداتە بیر و هزری دێموکراسیخوازی و لە کۆتاییدا بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان، گەر بەشێک لە مافەکانیانیش لە یاسای ئێراندا پچەسپێ دیسانیش هەڕەشەی جدییان لەسەرە. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە ئایا ئیمە نەتەوە بندەستەکان مافی چارەی خۆنووسینمان هەیە یا نە؟ بە پێی یاسای نێونەتەوەیی کە لەسەرەوە بە کورتی ئاماژەمان پێ دا، بەڵێ ئەو مافە بۆ هەموو نەتەوەکان ڕەوایە کە نەتەوەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

**کۆتا قسە ئەمەیە کە مادام بەپێی یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین" بۆ هەموو نەتەوەکان ڕەوایە، کەوابوو ئیتر ئەم مافە لەسەری دانووستان و مامەڵە ناکرێت.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا = ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمە ٢٧٢٢ی = ٨ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## وتوویژی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ بکەینە سەرلەوحەی بەرنامە سیاسییەکانمان



**نارەش لورستانی**

**نارەش لورستانی: بەباوەڕی بەڕێزتان گرینگی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ لە بزوتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چی دایە؟**

**وەڵام:** ئەو میتینگە لەو بابەتەوە شتێکی تایبەتی بوو کە پاش نیزیک بە ٣٤ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات کە دەوری ٣٢ ساڵ زیاتریشی لە خەباتی نەهێنیدا بوو، بە ئاشکرایی‌و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگیرا، ئەوە بایەخێکی زۆری هەبوو کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە پەیمان دەگەڵ خەڵکی خۆی تازە بکاتەوە، ئەو پێوەندییە مەعنەوییە کە لەو ماوە دوورو درێژەدا هەبوو، هەم گرێ بداتەوەو هەم بە هێزی بکا، چونکە ئەو کاتەی سیاسەتەکان ڕووبەڕوو بە تایبەتی لە زمانی سیاسەتمەدارێکی گەورەوە باس دەکرێن پێوەندی لە نێوان حیزب‌و کۆمەڵانی خەڵکدا پتەوتر دەبێ.

پاشان ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان کەوتۆتە قۆناغێکی تازەوە، لە هێندێک حاڵەتی ئیستسنائیدا نەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی مەنتەقەی موکریاندا قەتیس ماوە. بەڵام لەو میتینگەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوەو تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشەوە، وەک تەورێزو تارانو هی دیکە و لە دانیشگاکانەوە  هاتبوونو بەشدار بوون. ئەوە بایەخێکی دیکەو بەربەرینییەکی دیکەی بە مەسەلەکە دەبەخشی.

**نارەش لورستانی**: شۆڕشی ۵۷ چ گۆڕانێکی بەسەر ئەو بزووتنەوەیە هێنا کە ئاشکرا لە گۆڕەپانی خەبات دا بووە؟

**وەڵام**: ئەمن پێم وانیە مەسەلەکە ئەوە بێ کە ئینقلابی ۵۷ شتێکی تایبەتیی بۆ ئەو بزووتنەوەیە هەبووبێ. بەڵێ ئینقلابی ۵۷ درفەتێک بوو بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەر میلییەتێکو لە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بێنە مەیدانو داخوازەکانیان خۆیان مەترەح بکەن. بەڵام سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو درفەتەشی خوڵقاندبوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بتوانێ لە وەختێکی وادا ئەوپەری ئیستفادە لە دەرفەتەکە بکاتو خۆی بناسێنێ. ئەو میتینگە کە گیرا هێندێک فەلسەفەی تێدا هەبوون. یەکیان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەختی خۆی بە بێ پرسی دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، لە ماوەی ۳٤ساڵ تەمەنیشیدا وەک گوتم خەباتی نهێنیی بەڕێوە بردبوو. ئێستاش کە دەیەویست خەباتی ئاشکرا دەست پێبکا. ئەگەر بیویستایە تەقازا بدا بۆ ئەوەی موجەوویزی خەباتی عەلەنی وەر بگرێ،لەوانە بوو تا ئێستاش جوابی ئەو تەقازایە وەرنەگرێتەوە.

بۆیە حیزبی دێموکڕات بە دروستی زانی هەر وەک لە وەختی خۆیدا بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، بە بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزییش ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکاو دەوڵەتی مەرکزیو دەسەڵاتەکەی - وەک دەڵێن - لە موقابیل عەمەلی ئەنجامدراودا دابنێ. چونکی ئەگەر لەو وەختەدا موخالەفەتی کردبایە ئەورێژیمە تازەیە کە خۆی بە ئینقلابیو تەرەفداری خەڵک دەزانی، هیچ ئابڕوویەکی بۆ نەدەما. هەر بۆیەش دیتمان کە وەختێک حیزبی دێموکڕات ئیعلانی خەباتی ئاشکرای کرد دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ عەکسولعەمەلێکی نیشان نەدا، هەرچەند ئەو وەختی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو دەوڵەتە ئیسلامیيە بوو.

لایەکی دیکەشی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تا ئەودەم زۆرتر پێوەندییەکی مەعنەویی لەگەڵ خەڵک هەبوو، بەڵام لەوێدا هات بە هەموو سیاسەتەکانیەوە خۆی موعەرریفی کرد. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو جۆرە کە هەبوو، بەرداشتی لە کۆمەڵی تازەی ئێران، لە سیستمی ئێران، لە بەرنامەی تازەی حکوومەتی ئێران کە دەبێ چۆن بێ، ئەو

شتانەی هەموو بە زمانێکی زۆر سیاسیو زۆر ئاشتیخوازانە تەرح کردو گوتی دەوڵەتێک کە داوای ئینقلابیبوون دەکا دەبێ چۆن ڕەفتار بکا.

هەر لەوحاڵەدا داخوازەکانی میللەتی کوردیشی دووبارە بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە زۆر بەڕوونی هێنانە گۆڕێ.

**ئارەش لورستانی**: بەڕێزتان ئاماژەتان بە دژکردەوەی دەوڵەتی ناوەندی لە بەرانبەر ئەو کارەدا کرد، هەروەها ڕۆژنامەی «اطلاعات» دەنووسێ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس بەشداری میتینگی مهاباد بوون، ئەم کارە لەلایەن رەوت و لایەنەسیاسییە ئێرانییەکان کە دروشمی سەراسەریی ئیرانیان هەڵگرتبووو دەگەڵ دروشمی نەتەوەخوازی بزاڤی کوردی نەبوون، یان هەر بەتەواوی پێی نامۆ بوون، پێشوازی لێنەکرا، کەواتە دژکردەوەی راستەقینەی ئەوان چ بووە هەروەها دەوڵەتیش هەڵسوکەوتی چۆن بوو دەگەڵ ئەو لایەنانە؟

**وەڵام**: لە پێش دا با بڵێم بە باوەڕی من دوو ڕەقەمی کەمێک دوور لە حەقیقەت لەسەر میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دەگوترێن.

هێنندێک کەس دەڵێن مەسەلەن ٥٠ هەزار کەس ٦٠ هەزار کەس بەشدار بوون، واتە دەیهێننە خوار ١٠٠ هەزار کەس. ئەوە ناواقیعیيە. ئەوەش کە ئیتلاعات گوتوویەتی نازانم لەڕووی چیەوە گوتوویەتی، دیسانەکە موبالەغەی تێدایە. بە باوەڕی من میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەگەر بتژمارداية - کە نەدەژمێردرا - دەوری ١٠٠ تا ١٣٠ هەزار کەسێکی تێدا بوو.

ئەوەش کە دەڵێم لە ڕووی حدس و گومانەوە نائێم، گومانەکە زۆر بوو بەڵام ئێمە ڕۆژێ پێش میتینگەکە چونکی داواکرابوو خەڵکی لەلاوەشڕا بێن، و لەلای دیکەش زستان بوو ئەگەر زووتر نەهاتبانو شەوێ لەوێ نەبانایە لەوانە بوو فریا نەکەون، ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە دێن بەسەر ماڵاندا دابەش بکا.

ئەوانەی لە ستادەکەدا کاریان دەکرد بۆ منیان باس کرد ئەو ئێوارەیە ٦٣ هەزار کەسیان میوان وەرگرتووە بەسەر ماڵەکانی مەهاباددا تەوزیعیان کردوون. خۆ ئەوە هیچ کەسی مەهابادی تێدا نەبووە، هیچ کەسی دەوروبەری مەهابادیشی تێدا نەبوو، حەتا مەسەلەن شارێکی وەکوو شنۆ و میاندواوو تەنانەت بۆکانو ئەوانەشی بە ئیحتمالی زۆر تێدا نەبووە. بۆیە ڕەقەمێکی لە حدوودی ١٢٠ ، ١٣٠ هەزار کەسی ڕەنگە دەقیقترو لە واقیعییەت نیزیکتر بێ.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە کە عەکسولعەمەلی سازمانە سەرتاسەرییەکان چۆن بوو، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ عەکسولعەمەلێکی موخالیفیان نیشان نەدا، لەگەڵ ئەوە ڕەنگە هێندێکیان خۆشحاڵ نەبووبن. بۆ حیزبی توودە کە ڕۆژێک ئیددیعای دەکرد حیزبی دێموکڕات شاخەیەک لەوەو دەیهەویست قووتی بدا، ئەگەر لە هەموو ئێراندا تەرەفدارەکانی خۆی کۆ کردبانەوە بۆی نەدەگەیشتە ٥ هەزار کەس، حەتمەن خۆش نیە حیزبی دێموکرات میتینگێکی ١٠٠ - ١٥٠ هەزار کەسی تەشکیل بدا. دیارە ڕێکخراوی واش هەبوون بۆ وێنە ڕێکخراوێکی ئازەربایجانی (بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نیە) کە لەمیتینگەکەدا بەشدار بوونو پەیامیان خوێندەوە.

لەڕاستیدا مەوقیعییەتەکە وابوو کە ئەوانەی موخالیفیش بوون نەیاندەتوانی موخالەفەتی خۆیان دەرببڕن چونکی موخالەفەت لەگەڵ هەنگاوێکی ئاوا ئاشتیخوازانەو دێموکراسیخوازانە بۆخۆیان گران تەواو دەبوو. کەوایە، هەڵبژاردنی ئەو مەوقیعییەتەش کارێکی زیرەکانە بوو.

**ئارەش لورستانی**: مامۆستا مەبەست لەو میتینگە کۆکردنەوەی خەڵکو لایانگرانی حیزبی دێموکڕات لە دەوری ناسیونالیزمی کوردی بوو یان خودی حیزب، دوکتور قاسملوو، بەڕێزتان یان خوالێخۆشبوو عەزیز یوسفی دەتانەویست ڕێنوێنییەکی تایبەت بدەن بەخەڵکی بۆ ئەوەی ئاراستە بەو بزووتنەوە ببەخشن؟

**وەڵام**: لێرەدا دەبێ دووشت بڵێین. یەکیان ئەوە کە مەرحوومی عەزیزی یووسفی نەمابوو، ٧ مانگ ٨ مانگ پێشتر فەوتی کرد بوو. ئەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕاستە ئەمن لەوێدا قسەم کردوە و قسەکانیشم وا دیار بوو خەڵک پێی باش بوون، بەڵام لە واقیعدا قارەمانی ئەسڵیی داستانو ڕێبەری ئەو حەرەکەتە لە باری سیاسییەوە هەر دوکتۆر قاسملوو بووە. هەدەفەکە زۆر شت بوو، هەروەکوو لەپێشدا گوتم تازە کردنەوەی پێوەندییەکان، پێکەوە گرێدانی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆکردنەوەیان لە یەک جێدا.

لە هەمووی گرنگتر ناردنی پەیامێکی یەکدەست بۆ هەمووان، چونکە ئەو وەختی حیزبی دێموکرات جارێ ڕێکخراوێکی ئاوای نەبوو کە ئەندامەکانی و مەسئوولەکانی هەموو کارکوشتە بووبن و هەموو مەعلووماتیان لەسەرێ بێ، کلاسیان دیبێ و لە مەکتەبێکدا پەروەردە کرابن. ڕەنگ بوو بە پێی سەلیقەی خۆیان هەر مەسئوولە لە شوێنی خۆیدا، لە چوارچێوەی خەتە گشتییەکەدا جۆرێک تەبلیغ بۆ سیاسەتی حیزب بکا.

کەوایە گرنگ بوو کە ئەو خەڵکە پەیامی حیزبی دێموکراتو سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەسەر یەکەوە، لەیەک جێو وەک

یەک لە زمانی سەلاحیەتدارترین عونسوری ئەو حیزبەو زاناترینو شارەزاترین ئینسانەکانی ئەو حیزبەوە ببیسن.

ئەوە هەدەفێکی زۆر موهیم بوو کە بە باوەڕی من زۆریش کۆمەگی بە ئینسجامی فکریی حیزبی دێموکرات کرد. با ئەوەی لە پەڕانتێزدا بڵێم « دوای ئەو میتینگەش جاریوا بوو ئێمە کە لە هەموو مەنتەقەکان کۆمیتەی شارستانمان پێک هێنابوو،و تەنانەت هەمووانیشیان هەریەکە بۆ خۆی نەشریەیەکی دەردەکرد، زۆرجار دەماندی نەشریە یان بەیاناتی مەسئوولێک یا ئۆرگانێک هەم دەگەڵ یەکی دیکە تەزاددی هەیە هەم جاروبار هەڵوێستی هەردووکیان لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناتەباییدایە، یانی پێکەوە نەیاندەخوێندەوە. بۆیە زۆر موهیم بوو کە پەیامەکە یەکدەست بە هەمووان بگا.

**ئارەش لورستانی:** پێتان وایە ڕاستە بڵێین میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەو ڕۆژە بوو کە دوکتور قاسملوو لە ئاستی جەماوەری دا وەک لایەنی سەرەکی کورد ڕوو بە حکوومەتی ناوەندی ناسرا؟

**وەڵام:** دوکتۆر قاسملوو تا ئەو وەختیلە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسیاویەکی زۆری نەبوو، بەڵام لە نێو خەڵکی سیاسی و حیزبیدا پێشتریش وەکوو عونسورێکی کاریگەرو شارەزا لە سیاسەت ناسرا بوو، بەڵام ئەوە کە خەڵک بەرەوڕوو لەگەڵ قاسملووی ئاشنا بن تەئسیرێکی باشتری هەبوو. دوو شتیش لە موقابیل دوڵەتی مەرکەزیدا هەبوون، بە بێ ئەوەی بمەوێ خوانەخواستە لە قەدری هیچ حیزبێک و ڕێکخراوێکی دیکە کەم بکەمەوە، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تەرەف و وەکوو موخاتەبی ئەسلیی دەوڵەتی مەرکەزی دەناسرا. بەبێ شک لە عونسوریشدا لە ڕێبەرییشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە تا ئێستاش قاسملوو تکرار نەبۆتەوە. کەسێکی دیکەی وەکوو قاسملوومان نەبووە. کەوابێ تەبیعەتەن موخاتەبی ئەسڵی وەکوو ڕێبەری دوکتور قاسملوو بوو، وەکوو حیزب و جەریانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

**ئارەش لورستانی:** مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە؛ دەبینین دوای کۆماری کوردستان ئەو میتینگە دەبێ بە دەستپێکی تەڤگەرێکی تەواو جیاواز لە قۆناغی بەرلەخۆی، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەموو بوارەوە بەتایبەت ساختار و پێکهاتەیەکی جیاوازەوە دەردەکەوێ. دەبینین حیزبی دێموکڕات سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و هورووژمانەی کوردستانی کردبووە نیشانە، کاری خۆی دەکاو یەکێکە لە گەورەترین پارتە بە هێزەکان. بەرێزتان لەمبارەیە ڕاتان چییە؟

**وەڵام:** ئەمن لەگەڵ خودی پرسیارەکە بەو جۆرە موافق نیم، یانی وا بۆ مەسەلەکە ناچم. ئەمن گەورەییو وسعەتی فکری پێشەوا قازی محەممەد لەوەدا دەبینم کە لەو سەردەمیشدا شەخسی کاریگەر هەر قازی محەممەدە. بۆیە نەک هەر تا



سەرچاوە
Serchawe

دەورانی دوکتور قاسملوو بەڵکوو تا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پێشەوا قازی محەممەدی لە حیزبی دێموکراتو لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا هەر لەجێی خۆیانن. بەڵام لە پاش ڕووخانی کۆمار تا دەگاتە ساڵی ٥٧و میتینگی ١١ی ڕەشمەی ٥٧ هەمووی دەورانی خەباتی (نهێنی)یە حیزبی دێموکرات غەیری یەک دوو دەرفەتی وەک هەڵاتنی شا لە ساڵی ٣٢دا یان ئینتخاباتی ساڵی ١٣٣٠ کە توانیویەتی خۆی بنوێنێ، دەرفەتی دیکەی بۆ نەخوڵقاوە. بۆیە لەو دەرفەتەدا کە ساڵی ١٣٥٧ پێکهات گرنگ ئەوە بوو، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە زمانی ئینسانێکی شارەزاوە بە وردیو بە شێوەیەکی مۆدێرنو ئەورۆژیو بە زمانێک کە هەموو کەس تێیبگا مەترەح بکرێن. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەختی خۆی کە دانراوە لە ٨ مادە دایە، لە نیوە لاپەڕەیەکدایە، بەڵام بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش میتینگی ٥٧یش بەرنامەیەکی موفەسسەلە. سیاسەتەکان بەگشتی هەر ئەوانەی سەردەمی کۆمارن بەڵام بە وردەکارییەوە عینوان دەکرێن. لەوەدا فەرقی هەیە دەنا جیاوازیی ئەساسی نیە. دوکتور قاسملوو بە هەقیقەت بە بێ تەوازوع خۆی بە قوتابیی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی.

**ئارەش لورستانی**: مامۆستا بەبڕوای بەڕیزتان سیاسەتوانێکی کورد، بە تایبەت سیاسەتوانێکی دێموکڕات کاتێک ئەمڕۆ ئاوڕ لە میتینگی ١١ی ڕەشەمە دەداتەوە، دەبێ چ وانەیەکی لێ فێر ببێو چۆن دەتوانێ لە پیناو پێشخستنی بزوتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی گەلی کورد دا دیسان ئەم جۆرە هەلو دەرفەتانە بئافرێنێتەوە؟

**وەڵام**: با هەر باسی دێموکراتەکان بکەم، چونکە پێم باشە باسی خەڵکی دیکە نەکەم. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی دوکتور قاسملوو بێنین، بە خەتی درشت بینووسینو لە دیوارەکانی بدەین. هەموو وەختێک وەک سەرلەوحەی بەرنامە سیاسییەکانمان دەرسی لێوەربگرین. دەبێ جارێک نا، دوو جار نا، سێ جار بیخوێنینەوە تا بزانین بە چ دووربینییەکو بە چ قووڵییەک هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وتارێکی کورتدا هێناونو بۆ خەڵکی ڕوون کردوونەوە.

هونەرێکی دوکتور قاسملوو کە ئەمن زۆر جار یادی دەکەمەوە ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەوەی سیاسییەکی زۆر گەورە بوو، زۆر لەسەرەوە بوو، زانایەکی گەورەش بوو بەڵام دەیتوانی موشکیلترین مەسائیلی سیاسیو عیلمیو بەتایبەتی ئابووری کە ئەو دوکتورای تێدا وەرگرتبوو، بە زمانێک مەترەح بکا کە خەڵکی زۆر کەمسەوادیش لێی حاڵی بێ.

ئەوە بە باوەڕی من هەتا ئێستاش هەر سەر لەوحەی بەرنامە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتەو بێشک خەڵکیش زۆریان کەلک لێوەرگرتوە. ئەمن بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەوەی دەکەم کە دەبینم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانە کە

قەتیش حیزبی نەبوون وەختێک باسی مەسائیلی سیاسیو داخوازەکانی میللەتی کورد دەکەن بە فاسیلەی یەکجار زۆر، لە حیزبی دێموکرات نیزیکتر لە هەمووانن. یان تەماشا دەکەی ئەو حیزبە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا داخوازییەکانی میللەتی باش ناسیونو باشی تەرح کردوون، بۆیە خەڵکەکە هەر لێیان نیزیکە.

لە ژمارە ٦٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۸ی مارچی ۲۰۱۵



سەرچاوە
Serchawe

## گۆرانییەکی کۆن!




**کەریم پەرویزی**

دەسەڵاتی ملهوڕی پاشایەتی تازە ڕووخابوو و چەن ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕیبوو. هشتا دۆخی نێو شار و گوندەکان لە دۆخی کۆڵانەکانی دوای ڕەشەبا و تۆفان دەچوون کە زەوی تەڕە و شتومەکی بابردەلە بەملاوبەولادا کەوتوون!

چەند ڕۆژێک بوو کە پۆستاڵی ئەمنییە و ژاندارم بەسەر ملی خەڵکەوە نەمابوو، بەڵام هێشتا دژبانی و شارەوانی و ژاندارمری و پادگانەکان لەجێی خۆیان بوون!

لە تاران و شارە گەورەکان، پادگان و هێزەکانی ژاندارمری کەوتبوونە دەست خەڵک و لەژێر ناوی شۆڕشدا چەکیان دەست کەوتبوون، بەڵام لە کوردستان هێشتا پادگان و بنکە نیزامییەکان لەجێی خۆیان بوون.

لەنێو شارەکانیش ڕێژیمی پێشوو نەمابوو و ساواک و دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری نەمابوو، بەڵام کەسانی سەر بە ساواک لەو

ناوەدا دەبینران کە هێشتا لەمبەر و لەوبەر  دیار دەکەون.

دۆخێکی ناڕوون بوو کە داهاتوو چیی پێیە؟ شۆڕش دژی پاشایەتی سەر کەوتبوو، بەڵام هێشتا داهاتوو دیار نەبوو کە چی دەبێ.

نزیک بە سێ حەوتوو لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، لەو دۆخەدا کە هەم خەڵک هیوای ئازادییان هەبوو و هەم داهاتوو لێڵ و نادیار بوو لە لایان، لەنێو شارەکان و گوندەکانی کوردستان دەنگێک بڵاو بوویەوە کە میتینگێکی گەورە لە مەهاباد بەڕێوە دەچێ!

خەڵک لێکیان دەپرسی کە میتینگ بۆ چییە و کێ قسە دەکا؟ دەبێ باسی چی بکرێ؟ وڵام ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات قسە دەکا. خەڵک وە جووڵە کەوتن و بۆیان بوو بە پرسیار کە ئاخۆ دوکتور قاسملوو دەبێ چی بڵێ؟ هەر بۆیە لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە و تەنانەت لە هەندێ شاری ئێران، جەماوەر وەڕێ کەوتن بەرەو شوێنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، بۆ بەشداری لە میتینگی دوکتور قاسملوو.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە، بە دەیان هەزار کەس لە هەموو کوردستان و لە شاری مەهابادەوە کۆ ببوونەوە و چاوەڕێ بوون کە دوکتور قاسملوو بێت. دڵەخورپەیان بوو کە ئاخۆ دوکتور قاسملوو چ پەیامێکی پێیە و داهاتووی ژیانیان دەبێ بە چی؟

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە لە کۆبوونەوەی دەیان هەزار کەسی لە مەهاباددا دوکتور قاسملوو، بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە پەیامی درێژەدان بە خەباتی ڕاگەیاند و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی بە گوێی خەڵک و بە گوێی گەلانی ئێران و بە گوێی سەردەمدارانی شۆڕشی دژی پاشایەتی گەیاند.

پەیامی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دوای ٣٢ ساڵ تێکۆشانی نهێنی پەیامێکی مێژوویی بوو کە مانیفستی خەبات و تێکۆشان و ژیانەوەی کوردستان و کوردە کە دوای چەندین دەیە، هێشتا نەک نێوەڕۆکی پەیامەکە بەڵکوو وشەکانی و فۆرمی پەیامەکە  تازەیە و دەروونی تینووی خەباتکاران تێراو دەکا.

باسکردن و لێکدانەوە لەسەر پەیامی ڕێبەرێکی بلیمەت و زانای وەک دوکتور قاسملوو لە توانای ئێمەمانان نییە، بەڵام وەک بیرهێنانەوەو باسکردن ئاوڕ لە هەندێ لە خاڵەکانی ئەو پەیامە دەدەینەوە کە دووبارە وەبیریان بێنینەوە و ڕێنوێنی

ئێستە و داهاتوومان بن.

یەکێک لە گرنگترین کردار و هەڵسوکەوتەکانی دوکتور قاسملوو ڕۆک و ڕوون بوونی لەگەڵ خەڵک بوو و لە هەموو برگەکاندا، چ لە سەر کەوتن و چ لە شکست و چ لە کاتی ئاساییدا ڕووی دەکردە خەڵکەکەی خۆی و بەڕوونی و بە ڕاشکاوی لەگەڵیان دەدوا.

سیاسەت و تێکۆشان لای دوکتور قاسملوو بەنهێنیکردن و دزینەوەی ڕاستیەکان لە خەڵک کە گوایە ئەو خەڵکە لەو بنەما قووڵانەی سیاسەت نازانن، نەبوو! چ لە دەسپێکی ڕاگەیاندنەوەی خەباتی ئاشکرادا و چە لە برگەکانی دیکەی وەکوو ئینشعابی کۆنگرەی چوار و دواتر لە هەر دەرەتانێک و قۆناخێک کە لەبەردەم خەبات و شۆڕش بوو، دوکتور قاسملوو دەچووە نێو خەڵکەکە و ئەوەی لە ئارادا بوو، بەڕوونی و بە ڕاشکاوی بە خەڵکی دەگوت. لەو ڕۆژەشدا و لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ هەتاویدا، لەو مێتینگەدا، دوکتور قاسملوو، باسی لە ڕاستیەکانی سەر ئەرز دەکرد و بە خەڵکی دەگوت کە گەر شۆڕش سەرکەوتووە، بە چ مانایەکە و گەر لە کوردستان بنکە و پایەگاکانی ژاندارمری ماون، چ مانایەک دەگەیەنێ!

خاڵێکی گرنگی پەیامی ١١ی ڕەشەمە، وێڕای ڕاستگۆیی و ڕوونبونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ خەڵک، هیوای بێهوودە نەدان بە خەڵک و لەولاشەوە ڕەش نەکردنی هەموو شت و بێهیوا نەکردنی خەڵک بوو. بەو مانا کە هەم ڕاستیەکانی بۆ خەڵک باس دەکرد تاکوو خەڵک وەکوو ئەمانەتدار و کەسانی جێی بڕوای ڕێبەریی شۆڕشگێڕ، لە ڕاستیەکان بزانن و هەم هیوای درۆیینەی پێ نەدەدان و هەمو دونیاشی وا تاریک و لێڵ نەدەکرد کە خەڵک لە هەموو شت بێهیوا بن.

ڕاستگۆبوون و هیوای درۆیینە نەدان و هەروەها بێهیوانەکردن و زاڵنەکردنی ڕەشبینی لەو تایبەتمەندییانەی ڕێبەرێکی کاریزما و پراگماتیکی وەکوو دوکتور قاسملوو بوون کە وای لێ کرد کە خەڵک بۆ هەمیشە لەگەڵ ڕێبەرەکەیان بن و ئێستا دوای زیاتر لە ٢٣ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، خەڵک لە شۆڕشی ژیاندا هاوار دەکەن قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە.

لە پەیامی ١١ی ڕەشەمەدا دوکتور قاسملوو دەپرژێتە سەر باسی مافەکانی کورد و دەڵێ کە ئێمە وەکوو کورد لەگەڵ برا فارس و تورک و بەلووچ و تورکمەن و عەرەب و ئەرمەنی و ئاسووری و ... پێکەوە شۆڕشمان بەڕێوە بردووە و لە سەرکەوتنیشیدا ئێمە دەبێ مافی خۆمان بەدەست بێنین. ڕێک سێ حەوتوو دوای نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی دوکتور قاسملوو باس لە مەترسییەک دەکا و هەڕەشەیەک لەسەر مافەکانی کورد باس دەکا کە ڕەنگە کەسانی بەشدار لەو کۆبوونەوە پێیان



سەرچاوە
Serchawe

سەیر بووبێ کە تازە ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخاوە و ئیدی مەترسیی چی؟ بەڵام دوکتور قاسملوو هەم دەرکی مەترسییەکە دەکا و هەم لەگەڵ خەڵکەکەی باسی دەکا و هەم ڕێگاچارەشی پێیە.

## ئەو مەترسییە کە دوکتور قاسملوو باسی دەکا:

"تاوانبارکردنی گەلی کورد بە جیاوازیخوازی، تەجزیەتەڵەبی، گۆرانییەکی کۆنە! هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی خۆی کردوە، ئەم تاوانەیان پێ بەستووە. ئێمە لە کاتێکدا کە ئەم تاوانە بە تەوتەئەی دوژمنانی شۆڕش دەزانین و بەتەواوی ڕەدی دەکەینەوە ڕایدەگەیینین کە لە سەراسەری کوردستاندا هیچ هێزێک داوازی جیابونەوە ناکا، کورد داوای مافی نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا. ئەگەر دوژمنانی شۆڕشی ئێران و گەلی کورد، پێیان وایە بە تاوانبارکردنی گەلی کورد بە جیاوازیخوازی و تەجزیەتەڵەبی، کورد وا لێدەکەن حاڵەتی دیفاعی بگرێ و داوای مافی خۆی نەکا بە هەڵە چوون"!

دوکتور قاسملوو باس لە گۆرانییەکی کۆن دەکا! گۆرانییەک کە لە سەردەمی پاشای پاڵەویدا دروس کراوە و دەسکردی دەزگای دژەمرۆیی ساواکە و تۆمەتی تەجزیەتەڵەبی لە کورد دەدەن! ئەم تۆمەتە هەر وەکوو دوکتور قاسملوو دەڵێ، بۆ ئەوەیە کە سیستمی دیکتاتۆریی خۆیانی پێ درێژە بدەن و لەژێر ناوی دژایەتیی تەجزیەتەڵەباندا دەیانەوێ سەرکوت لە کوردستان درێژە پێ بدەن و کورد لە مافەکانی بێبەری بکەن و بە ناوی شەڕی کوردستانەوە ئازادییەکانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش پێشێل بکەن.

ڕێژیمێک کە نەیەوێ مافی خەڵک بدا، بە دوای دۆزینەوەی بیانوویەکەوە دەگەڕێ کە ئەو مافە پێشێل بکا و پشتگوێی بخا. ڕێژیمە ملهوڕ و چەواشەکارەکان و کەسانی فاشیست و دژەمافەکانی گەل، بەڕوونی باس لەوە ناکەن کە ئەو مافەتان نادەینێ، بەڵکوو تۆمەتێک هەڵدەبەستن کە ئەسڵی باس و مافەکە بەلاڕێدا ببەن و گفتوگۆکە بکەنە گفتوگۆیەکی لاوەکی و لە کۆتاییشدا دەست بدەنە چەک بۆ سەرکوتکردن! ئەم پیلانە کۆنە کە هەر وەکوو دوکتور قاسملوو دەڵێ، گۆرانییەکی کۆنە، سەدان و هەزاران جار دووپات دەکرێتەوە تاکوو وا لە کورد و نەتەوەکانی دیکە بکەن کە باسی مافی ڕەوای خۆیان نەکەن و گەر وردە شتێکیش باس بکەن، زۆر بە شەرمەوە باسی بکەن. هەر بۆیە دوکتور قاسملوو دەڵێ کە نەتەوەی کورد مافی خۆیەتی کە بەڕوونی پێی بگوترێ کە چیدی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر نامێنێ. دەڵێ کە بەڕوونی ڕایدەگەیینین کە ئێمە بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوکەمان خەبات دەکەین.



سەرچاوە Serchawe

هەر لەوپەیامەدا دوابەدوای ئەوەی باس لەو مافانەی نەتەوەی کورد و ڕێگاچارەکەی کە ئەوکات بە خودمختاریی دەزانی باس دەکا، بە ڕێژیمی تازەش ڕادەگەینێ کە نابێ ئەرتەش و ژاندارمری وەکوو پێشوو بۆ سەرکوت بەکار ببرێ و ئیدارەی کوردستان بەدەستی خەڵکی کوردستانەوە بێ و زۆر ڕێکاری دیکە باس دەکا و بەتایبەت باس لە خاڵێکی گرنگ دەکا کە دەڵێ هەمان ڕێکاری ڕێژیمی پێشوو نەگرنە بەر! ئەویش بریتییە لەوەی خەڵک بە گژی یەکدا بکرێ!

دەڵێ کە نابێ ڕێگا بدەین دوژمن لە نێوماندا ڕەخنە بکا و دووبەرەکی و ناکۆکی پێک بێنێ! نابێ هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی و هیچ عەشیرەتێک دژی عەشیرەتێکی دیکە و هیچ هێزێکی سیاسی دژی هێزی سیاسیی دیکە هان بدرێ!

ئەمانە بەشێک لەو تاکتیکانەن کە دوژمنان هەمیشە دژی کورد و کوردستان بەکاریان هێناون و هەر بۆیەش ئەوکات دوکتور قاسملوو بەڕوونی باسیان دەکاتەوە کە و دەڵێ کە ئەو ڕێگا کۆنانە مەگرنە بەر!

پەیامی ۱۱ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو هەروەک گوترا، مانیفستی خەبات و مافەکانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتە و ئێستەش دوای ٤٤ ساڵ هەر بە تازەیی ماوەتەوە. چونکە هەم دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک و بلیمەت بوو کە بەوردی و بە دروستی باسی دەرد و دەرمانەکانی دەکرد و هەم ئێستەش دوژمنانی کورد هەمان ڕێکارە پێشووەکان دەگرنە پێش و وشیاریمان لەسەر پیلانەکانیان و هەروەها ڕۆکبوون و سووربوونمان لەسەر مافەکانی نەتەوەکەمان پێویستە.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی ۱۱ی ڕەشەمەی ۲۷۲۲

# پەیامێکی زیندوو



(خوێندنەوەیەک بۆ وتاری شەهید دوکتور قاسملوو لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات)

**سمایل شەرەفی**

دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ڕاگەیاندنی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان لە مەهاباد لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی) بە ڕابەرایەتیی سەرۆککۆماری شەهید، قازی محەممەد، بۆ جارێکی دیکە و هەر لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکرات دەسپێکی قۆناغێکی دی لە شانازی، حەماسە و غورووری خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەم جارەیان جێگرەوە و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پێشەوای حیزبی دێموکرات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی پتر لە سەدهەزار کەسی، پێکهاتوو لە خەڵکی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان لە ئیستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهاباددا باسی لە قۆناغێکی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی کرد.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا، بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە جەماوەرییەدا، شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای خەباتی

مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزبەکە لەم پێناوەدا قسەی بۆ خەڵک کرد.

دوکتور قاسملوو لە قسەکانیدا بە وەبیرهێنانەوەی چەند بڕگەیەک لە مێژووی پڕ لە شانازی و فیداکاریی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی و هەروەها بە ناوهێنانی ژمارەیەک لە شەهیدانی حیزب و نەتەوە، وەبیر خەڵک دەهێنێتەوە کە حیزبی دێموکرات کە پێکهێنەری یەکەم دەسەڵاتی کوردی لە مێژووی نوێی کوردستاندایە، خاوەنی چ پاشخانێکی دەوڵەمەند لە دامەزراوەی سیاسی وەک کۆماری کوردستان، دەسکەوتەکانی و گەلدۆستی و فیداکاریی ڕێبەرانی وەک پێشەوا قازی محەممەد، شەهیدانی دیکە سەردەمی کۆمار و شەهیدانی دواتری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ و هی دیکەیە.

وەک یەکێک لە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکرات، پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان یەکەم تەوەری وتاری سکرتێری حیزب، دوکتور قاسملوویە. ئەو لە قسەکانیدا لەخۆڕادیتووانە ڕوو بە دەیان هەزار کەس لە بەشدارانی میتینگ، لەگەڵ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ماف و ئازادییەکانی خەڵک، ڕادەگەیەنێ کە وەک هەمیشە حیزبەکەی پشتی بە "هێزی لەبڕاننەهاتووی نەتەوەکەی" بەستوە و خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی خەڵک بە بەرپرسیار و وڵامدەر دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای خۆیدا زۆر ڕاشکاوانە ڕوو لە دەسەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە تاران دەکا و دژایەتیی خۆی لەگەڵ هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک ڕادەگەیەنێ و دەڵێ؛ "نابی ئیزن بدەین هیچ جۆرە ئیستیبدادێکی دیکە زیندوو بێتەوە". لەم پێوەندییەدا بۆ ئەوەی پێش بە هاتنەسەر کاری هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک بگیردرێ، پێداگری لە سەر "ئازادییە دێموکراتییەکان"، "دامەزراندنی ڕێژیمێکی ڕاستەقینەی خەڵکی"، دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان" دەکا.

شەهید دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا بە خستنە ڕووی پیلان و ئیدیعا جۆراوجۆر و بێبنەماکانی دوژمنانی خەڵکی کوردستان کە بە مەبەستی دۆزینەوەی بیانوو بۆ سەرکوتکردنی تۆمەتی جۆراوجۆری دەدەنە پاڵ، بەبێ سڵکردنەوە لە هەر جۆرە تۆمەتبارکردنێکی دیکەی خۆی و حیزبەکەی، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتەکەی بە ڕەوا و بەرحەق دەزانێ. لەم بارەوە ڕوو بە دەسەڵاتدارانی تازە لە تاران دەڵێ کە؛ "دەبێ هێزی چەکداری ژاندارمێری، ئەرتەش و پادگانەکان لە شارەکان دوور بخرێنەوە و دەبێ کوردستان لە حاڵەتی ناوچەیەکی میلیتاریزە بێتە دەر و بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی کوردستان دەبێ بە دەستی خودی خەڵکی کوردستانەوە بێت". بەم شێوەیە تەرحی خودموختاربوونی کوردستان و باوەڕ بە هێز و توانایی خەڵکی کوردستان لە خۆبەڕێوەبەری و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە خۆسەپاندنێک بە سەر کوردستاندا ڕادەگەیەنێ.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک لە ناو و نێوەرۆکی ڕا دیارە پێڕەوی لە بیروباوەڕی دێموکراتیک دەکا و پێی‌وایە لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیکی سیاسی‌دایە کە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر دەبێ. بۆیە لەم میتینگەشدا دامەزرانی حکومەتێکی گەلی و دێموکراتیک بە زامنی دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد دەزانێ و پێی‌وایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی نەتەوەی کورد و دابینبوونی مافەکانی، دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە تاران نایەتە سەر کار. بۆیە دەبێ کورد لە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەشدار بێ و نوێنەرانی لە نووسینەوەی یاسا و بڕیارەکاندا بەشدار بن و ڕۆڵ بگێڕن.

پێویستیی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان یەکێک لەو ئەرکانەیە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا بەڕوونی دەستنیشانی دەکا. خۆڕێکخستن و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی جیاواز، تەنیا زامنی ئەم یەکیەتیی و یەکگرتووییە دەبێ. تەنیا لە ڕێگای یەکگرتووییەوەیە کە دەتوانرێ پێش بە نفووزی دوژمن و دووبەرەکی بگیردرێ. لە وتارەکەی دوکتور قاسملوودا هاتووە کە؛ "نابێ ڕێگا بدەین هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی دژی چین و توێژێکی دیکەی نیشتمانیی دیکە، عەشیرەتێک دژی عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێ. نابێ ڕێگا بدەین دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستە و حیزبێکی پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی بین و تەمرینی دێموکراسی بکەین. کوردستان پاوانی هیچ حیزب و دەستەیەکی سیاسیی تایبەتی نیە. با هەموومان بەرنامە و بیروڕای خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵک و خەڵکیش ئازادانە ڕێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ".

دوکتور قاسملوو لە پێگەی سکرتێری حیزبی دێموکرات و وەک کەسێکی شارەزا بە مێژووی پڕ لە شکست و نسکۆی شۆڕشەکانی کورد، لەم بەشە لە وتارەکەیدا -لەگەڵ ئەوەیکە حیزبەکەی تەنیا حیزبی بەهێز و خاوەن نفووزی بەرینی جەماوەرییە- دیسان گەڕانەوە و پابەندبوون بە ئیرادەی نەتەوەکەی و دەنگی خەڵک و دێموکراسی لەپێناو یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵک و هێزە سیاسییەکاندا بە پێویست و زامنی سەرکەوتنەکان دەزانێ. ئەو بە دەرسوەرگرتن لە زیانەکانی ڕۆحی عەشیرەگەری، دووبەرەکی و خۆفەرزکردنی لایەک بەسەر لایەکی دیکە لە تاریخی نەتەوەکەیدا، دەیهەوێ بە هێنانەئارای هێندێک چەمک و ڕێکاری مودێرن وەک دێموکراسی و ڕێزگرتن لە دەنگ و ئیرادەی گەل، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بدەن و خۆ لە دووبەرەکی و ناتەبایی دوور ڕابگرن.

دوکتور قاسملوو بە شارەزاییەک کە لەسەر جیاوازی و فرەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان، ڕەوت و جەریانە سیاسییەکان و جۆری پێکهاتەی کوردستان هەیبوو، وێڕای بەڕەسمی ناسینی ئەم جۆراوجۆریانە، هەوڵ دەدا چەشنێک لە پێکەوە ژیان و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستاندا بنیات بنێ. بۆیە بێ پێچوپەنا دەڵێ: "هەرچەشنە تێرۆری

فکری دەبێ لەنێو بچێ و نابێ هیچ کەس لەبەر بیروبۆچوونی جیاواز بخرێتە ژێر فشار. لەسەر دۆستان و ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بیرورا و داخوازەکانی حیزب کە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەیەکی دێموکراتی بڵاو بکەنەوە و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشن".

***

ئێستا کە دوای ٤٣ ساڵ لە نێوەڕۆکی دەقی ئەو پەیامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات -کە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب نووسراوە و لە میتینگی حیزبی دێموکرات لە شاری مهاباد خوێندرایەوە- دەڕوانین، دەکرێ وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ ئێستا و داوڕۆژی خەباتەکەمان کەڵکی لێ وەربگرین.

بەداخەوە تا ئێستاش دیار نییە کە ئێرانی داهاتوو چ جۆر نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی دەگرێتە خۆی و چۆن لە پرسی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەڕوانێ. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد نەخشە ڕێگا و ڕوانگەیەکی یەکانگیری هاوبەشیان بۆ جۆری ئیدارەی ئێرانی داهاتوو نییە و کوردیش لەنێو خۆیدا ئەو جۆرەی کە پێویست و زەروورییە یەکریز، یەکگر و یەک گوتار نییە و کۆمەڵگەی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیکە لە چاو ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ زۆر جیاوازە و پێشکەوتووە، بەڵام دیسانیش لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا ڕێکخراو و تۆکمە و بێناتەبایی نییە.

بۆیە ئەگەر لە سیلەی نێوەرۆکی پەیامی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاویی میتینگی مهاباد و دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و کوردستان و هەروەها ناڕوونیی داهاتووی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە بڕوانین،

جێی خۆیەتی ئەم پەیامە لە چەند خاڵدا بە زیندوو و قابیلی کەڵک لێوەرگرتن بزانین:

- هەر دەسەڵات و نیزامێکی سیاسی کە لە داهاتوودا لە تاران بێتە سەرکار، بەبێ بەڕەسمیناسینی پرسی نەتەوایەتیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ناتوانێ دێموکراتیک و ڕاستەقینە بێت.

- ئەگەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بە ئیرادەیەکی یەکگرتووخوازانەوە نەتوانن خۆیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەییدا ڕێک بخەن، لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا ڕەنج بەخەسار و بێدەسکەوت دەبن.

- تەمرینی دێموکراسی و یەکتر قبووڵ کردن و خۆ فەرزنەکردن بە سەر یەکتریدا و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرییەکانی کوردستان، ئەو پێشمەرج و زەمانەتانەن کە داهاتووی نەتەوە و نیشتمان لە ناتەبایی و پەرتەوازی دەپارێزێ و لە غەیری ئەوەدا نەیاران و ناحەزانی کورد و کوردستان کار لەسەر تێکدانی شیرازەی خاک و خەڵکی کوردستان دەکەن و هیچ دوور نییە ئەزموونی شەڕی خۆبەخۆمان تێدا دووپات بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ـەوە بۆ ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧



(گەورەترین سەرمایەی حیزبی دێموکرات، پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە)

**سمایل شەرەفی**

دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ڕاگەیاندنی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان لە مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سەرۆکایەتیی سەرۆک کۆماری شەهید قازی محەممەد، بۆ جارێکی دیکە و هەر لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکرات دەسپێکی زەمەنێکی دیکە لە شانازی و غرووری خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەم جارەیان جێگرەوە و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پێشەوای حیزبی دێموکرات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کۆڕی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان لە ئیستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهابادا باسی لە قۆناغێکی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی کرد.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا ، بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو. لەم میتینگە پڕحەشیمەتەدا، شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای

خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزبەکە لەم پێناوەدا قسەی بۆ خەڵک کرد.

***

ئێستا کە زیاتر لە چوار دەیە بە سەر میتینگە مەزنەکەی ١١ی ڕەشەمەدا تێدەپەڕێ، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی دژبە کوردی کۆماری ئیسلامی لە ئێران تۆمار کردوە. مێژوویەک کە هەڵگری دەریایەک تێچووی قورس و گرانی جۆراوجۆری ئینسانی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە. لەم پێوەندییەدا هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو لە میتینگەکەدا باس لە زیاتر لە ٢٥ ساڵ خەباتی پڕ لە قوربانی و کوێرەوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژبە نیزامی پاشایەتی دەکا. ئەم حیزبە لە پێناو بردنە سەری ئەو بەڵێن و پەیمانانەی لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا بە خەڵکی کوردستانی دابوو، بەڕژانترین زامەکانی هەڵگرت. دوکتور قاسملوو کە پەیامی ئاشکرابوونی خەباتی ئاشکرای حیزبەکەی ڕاگەیاند و ڕاشکاوانە قسەی لەسەر گێرەشێوێنیی دوژمنانی گەلەکەی کرد و ڕایگەیاند کە "حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمنان دەست لە سەر دەست دانانیشن"، زۆر باش دەیزانی کە ئەم ڕێگایە سەخت و ناهەموارە. بەڵام لێبڕاوانە و بە ئیمان بە ڕەوابوونی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و دروستبوونی سیاسەتی حیزبەکەی بەڵێنی بە خەڵک دا کە "حیزبی دێموکرات خۆی بە خزمەتگوزاری خەڵک دەزانێ و تا سەر درێژەدەری ڕێگای شەهیدان دەبێ". بۆیە هەر لەم پێناوەشدا گیانی بەخت کرد و هاوڕێ لەگەڵ هەزاران کەس لە هاوسەنگەرانی وەفادار بە بەڵێنەکانیان مانەوە.

هەروەک لە نەخشە ڕێگای حیزبی دێموکراتدا هاتوە و شەهید دوکتور قاسملووش لەو میتینگەدا بە دروستی ئاماژەی پێکرد، پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ حیزب گەورەترین سەرمایەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی داهاتوو (١٣٩٩) جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی دەگرێ، زیاتر لە حەفتا ساڵی تەمەنی بە شێوەی نهێنی و ڕێگەپێنەدراو و دوور لە ژینگە و گۆڕەپانی ئەسڵیی خۆی، درێژەی بە خەبات داوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە نەیتوانیوە بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لەو بەشە لە کوردستان کە خەباتی بۆ دەکا، تێکۆشانی هەبێ، دیسانیش خاوەن پێگەترین هێزی کوردییە. ڕێژیمی پاشایەتی کە بە گرتن و بەندکردنی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و بەڕێوەبردنی پیلانی جۆراوجۆر بۆ کوشتن و حەزفی ڕێبەرانی لە دەرەوەی وڵات، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم ڕێبازە سیاسییە تووشی شکست و لەنێو چوون بکات، بەڵام میتینگە دەیان هەزار کەسییەکەی شاری مەهاباد - کەمتر لە یەک مانگ دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی - سەلماندی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی چ سەرمایەیەکی جەماوەرییە.



سەرچاوە
Serchawe

لە دەرەجەی یەکەمدا هەوڵدان بۆ لەنێو بردنی حیزبی دێموکرات کە بە دەیان جار لە لایەن هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە تاقی کراوەتەوە، تووشی شکست بۆتەوە. بۆیە هەوڵیان داوە لە ڕێگای کەلێن خستنە نێو حیزب - وەک ڕێبەریی بزووتنەوەکە - و خەڵکەوە، ئەم حیزبە تووشی بێهیوایی و لاوازیی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە حاشاکردن لە بوونی حیزبی دێموکرات و لە بە هەڵوەشاوە ناو بردنیەوە بگرە تا پەرەپێدان بە پروپاگاندای جۆراوجۆری بێبنەما لەنێو خەڵک، هەوڵیان داوە مەوجوودیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم سەرمایە ئەساسییە (پشتیوانیی خەڵک) بەتاڵ بکەنەوە.

پاراستنی ئەم سەرمایە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لە ماوەی ئەم چوار دەیەی ئاخردا یەکێک لە ئەرکە هەرە بنەڕەتی و ئەساسییەکان بووە. جیا لەو پیلانە جۆراوجۆرانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی لە تارانەوە بۆ دابڕاندنی خەڵک لە حیزب بەڕێوە دەچن و تا ئێستاش بەردەوامن، بەداخەوە کەم نەبوون و نین ئەو دەست و پێوەندییە بەناو خۆماڵیانەش کە دژبە پێگەی حیزبی دێموکرات ئاویان لەم ئاشە کردوە و لێی بەردەوامن. جیا لە هەمووی ئەمانە درێژەکێشانی خەبات و هاتنی نەسڵەکان بەدوای یەکدا و تەنگتر بوونەوەی دەرفەتی مەیدانی بۆ حیزب بە هۆکاری جۆراوجۆری نێوخۆیی و دەوروبەر، ئەم ئەرکەی لەسەر شانی حیزبی دێموکرات قورس و گرانتر کرد. بۆیە بۆ حیزبی دێموکرات پێویست بوو بە دەرکێکی دروست لە واقعیاتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستان، دەسنیشانکردنی دەرفەتەکان، تێگەیشتن لە پیلانەکانی ڕێژیم و پێداگری لەسەر مانا جەوهەرییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و لە هەمووی گرینگتر دیتنی هەموو بەستێنەکانی خەبات و تێکۆشان و گرینگی دان بە نێوخۆی وڵات و جموجووڵە جۆراوجۆرەکانی، پێش بە دابڕانی لە خەڵک و کۆمەڵگە بگرێ.

گرینگی دان بە خەباتی جەماوەری و مەدەنی، ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات لە بەستێنی جۆراوجۆری خەبات و هاندانی خەڵک بۆ کەلکوەرگرتن لە هەر دەرفەتێکی مومکین بۆ هێنانە ئارای ویست و داخوازییەکانی خۆیان بەرامبەر بە سیاسەتی ڕێژیم بۆ بەرتەسک کردنەوەی ڕێکارەکانی موبارزە و هەروەها هێنانە ئارای گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەری بەرامبەر بە پیلانی بەلاڕێدا بردنی هێز و وزەی خەباتکارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێک لەو ڕێکار و گوتارانە بوون کە حیزبی دێموکرات بە دروستی توانی لە ڕێگای ئەوانەوە هەم پێگەی خۆی لەنێو خەڵکدا قایمتر بکات و هەم لە ئاستێکی بەربلاوتردا بە مەبەستی پێداگری لەسەر داواکانیان، سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەگژ ڕێژیمدا ڕێک بخا. حزووری پڕ لە شانازیی پێشمەرگەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات کە بە حەق لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە باوەشی ئاوەڵا و هیواوە پێشوازییان لێ کرا، بەشێک بوو لەم نەخشە ڕێگایە. هاوشان لە گەڵ حزووری پێشمەرگانە، ڕاگەیاندنی پشتیوانیی حیزب بە شێوەی ئاشکرا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و جموجووڵی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە

نێوخۆی وڵات، گرووتینێکی بەرچاوتری بە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بەخشی.

پەرەسەندنی جموجووڵی جۆراوجۆری خەڵک و خەباتگێڕان لە بەستێنی جۆراوجۆردا کە ئادرەس و ڕێبەرییەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوون بوو، بۆ جارێکی تر بە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەلماند کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەی دەیانکرد و هەزینەی قورس و گرانیان بۆ سەرخستنی تەرخان کردبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە و زیاتر لە ڕابردووش خاوەنی پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە. بۆیە وەک هەمیشە کەوتنە بیری زەربە وەشاندن لە سەرچاوە و ئادرەسی ئەم جموجووڵانە و لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا جیا لە هەوڵدان بۆ تێرۆری کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە، لە دوو هێرشی تێرۆریستیدا؛ تەقینەوەکانی شەوی یەلدای ١٣٩٦ی بەردەم بارەگای ناوەندیی حیزب لە قەڵای دێموکرات و هێرشی مووشەکیی بۆ سەر کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا کە لەنێو بردنی یەکجاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتیان ئامانج بوو.

لە ئەنجامی هەموو ئەو هێرشە تێرۆریستییانەدا ئەوەی وەک هەمیشە خۆی دەرخست و کاربەدەستانی ڕێژیمی زیاتر تووشی ڕق و تووڕەیی کرد، پشتیوانیی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و ڕسواکردنی ئەم کردەوە تێرۆریستییانە بوو. لوتکەی هەڵوێستی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، مانگرتنی گشتی و سەرتاسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بوو کە هەر دوای سێ ڕۆژ تێپەڕین بە سەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان، خەڵکی کوردستان بە مانەوە لە ماڵەکانیان و داخستنی دووکان و بازاڕەکان وێڕای ڕسواکردنی ئەم کردەوە تێرۆریستییە، پشتیوانیی بەرینی خۆیان لە حیزب دەربڕی.

ئەگەر خەڵکی کوردستان توانیبایان و ئیزنیان پێ درابا کە بە شێوەیەکی ئازادانە لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانەدا هەڵوێست بگرن، هیچ گومانی تێدا نییە کە لە هەر شارێکی کوردستاندا میتینگی زۆر گەورەتر لە میتینگە دەیان هەزار کەسییەکەی ١١ی ڕەشەمەی ٥٧ی شاری مهاباد بەڕێوە دەچوو. جا ئەو کات زیاتر و ڕوونتر لە ئێستا بۆ هەموو لایەک دەردەکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی چ سەرمایەیەکی گەورەیە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠**

## دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆڕیادی ٤٠ ساڵەی میتینگەکەی١١ی ڕەشەممەی مەهابادا



ئەم کاتەتان باش!

سڵاو لە ئێوە، لە هەموو تێکۆشەرانی حیزب و، هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی.
سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان، لە نێو ئەواندا بەتایبەتی سڵاو لە زیندانییانی سیاسی
سڵاو لە بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و، سڵاو بنەماڵەی شەهیدان،
سڵاوێکی تایبەتیتر بۆ ئەو پۆلە ڕەفیقەی کە دەبوو ئەمڕۆ لەنێومان بن، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا چ بە تێرۆر و دەستی غەدر و خەیانەت، لە نێومان ڕۆیشتن و چ لە وڵاتانی دوورەدەست، لە هەندەران؛ دوور لە وڵاتەکەیان سەریان نایەوە.

ئەو ڕۆژەی کە یادی دەکەینەوە بە حەقیقەت ڕۆژێکی تاریخییە. ئەگەر ئەمن ڕۆژەکان ڕیز کەم، ئەمە دەبێتە سێیەم ڕووداوی گەورە لە تاریخی حیزبی دێموکراتدا؛
یەکەم ڕووداو و دایکی هەموو ڕووداوەکان، دامەزرانی حیزبە.
دووەم ڕووداو دامەزرانی کۆماری کوردستانە - لەگەڵ ئەوەی ڕووداوی گەورەی دیکە زۆر بوون -،
بەڵام سێیەم ڕووداو، ئەم میتینگەیە. چونکی ئەوە لەدایکبوونەوەیەکی دیکە بوو بۆ حیزبی دێموکرات و بۆ هەموو

بزووتنەوەی کورد. بۆیە دەسخۆشی دەکەم لە ڕێبەریی حیزب کە بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا، سپاسیش دەکەم کە هەرچەندە نەفەس و دەنگی من زۆر خراپە، بەڵام ئەو مەئموورییەتەیان بەمن سپارد.

سەرەتا پێم خۆشە بڵێم کە ئەو میتینگە بۆ پێک هات. ئەو میتینگە پاش هێندێک لێکدانەوە پێک هات و، عیللەتی پێکهێنانەکەی دیارە ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئەویان بۆ؟ هەدەفی دیکە لە پشتەوەی ئەو ئیعلانە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی - ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە -، تاریکاییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، نوختەنەزەرەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵکی بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە، ئەوەی کە دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ بزانین ئەمڕۆ چەندین.

ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە جمهووریی ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەفتە پێش ئەو ڕۆژەی بوو کە داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتە! کە هەر لەوێدا گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو ئەوەی بە خەڵکی نیشان دەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی، هاوپێوەندییەک لە نێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی - ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لەواقیعدا بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی حەتتا کۆمەڵە بەو سوورەتەی کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد-، دەمانویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵەی ئەخیردا گرتوویەتە پێشێ، ئەوە نەگرێتە پێشێ و، یەکێک لە ڕیشەدارترین موشکلاتی جامیعەی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو ئەگەر ئێمە داوای موجەویز لە جمهووریی ئیسلامی بکەی، ڕەنگە بە چەند مانگ و بە چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە، ئیحتمالی ئەوەش کە جوابەکەمان جوابێکی مەنفی بێ و بڵێین نەخێر نابێ زۆرە، بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە ئێستا

ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە شەرایەتی ئەوڕۆدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری مەردومیبیەوە دەستی پێکردوە؛ وا بە ئاسانی ناتوانێ ئەوەی هەڵوەشێنێتەوە. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقی قانوونیی خۆمان دەزانین و لە حەقی خۆمان ئیستفادە دەکەین.

کەمێکمان گوێ لە قسەکانی دوکتور قاسملوو بوو - ئەمن داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر قسەکە کەمێک درێژ بۆوە - پێم خۆشە کەمێک ورد بچمە سەر ئەو باسەی، چونکی قسەکانی دوکتور قاسملوو - کە نووسیبوونی و لەگەڵ هەموو توانایییەکانی بە ئەندامانی ڕێبەریی ئەو وەختی نیشان دا، دیارە ڕێبەریی ئەو وەختی هێندێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون و هێندێکیشیان نا، کە یەکێک لەوان بۆخۆم بووم بەڵام کۆمیتەیەکمان هەبوو کە ڕەنگە زۆر لە هاوڕێیان بزانن بەناوی زاگرۆس، ڕێبەریی ڕەسمی ئەو وەختی، زاگرۆس بوو - ئەو وتارەی بە هەمووان نیشان دا و، ئەگەر نەزەراتێکیش هەبوو هەموویانی گونجاند. جا ئەو وتارە لەڕاستیدا مانیفێستی حیزبی دێموکرات بوو و، دیدگای حیزبی دێموکرات بوو بۆ ئێرانێک کە لە پێشماندا هەیە. ڕەنگە جارێکی دیکە بێمەوە سەر ئەو قسەیەی. ناخۆشە کە ئێستەیش بەئاکام نەگەیشتووین، بەڵام ئەو بەرنامەیە کە لەوێدا ئیعلان کرا؛ بۆ ئەمڕۆکەش هەر تازەیە.

فەلسەفەی ئەو وتارە ئەوە بوو کە عەلارەغمی هەموو مولاحەزەیەک کە لەسەر جمهووریی ئیسلامی بوومانە، حیزبی دێموکرات ئەرزشی ئەو سەرکەوتنەی گەلانی ئێران دەزانێ، ئەو ڕاپەڕینە، بە ڕاپەڕینێکی پیرۆز و بە دەسکەوتی خەباتی دەیان و سەدان ساڵەی هەموو میللەتانی ئێران نەک هەر بڵێم کوردستان دەزانێ. لەو بارەیەوە دەزانین حیزبی دێموکرات و میللەتی کورد نەزەرێکی تایبەتتر هەبوو لە هەمووانیان. کاتێک بەختیار هاتە سەر کار هەمووان دەستیان کرد بە جنێودان بە بەختیار، هەم ئێرانییەکان هەم حەتتا کوردەکانیش -«بختیار بختیار، نوکر بی اختیار» - ئێمە گوتمان: نابێ قسان بە بەختیار بڵێین، چونکی هاتنەسەرکاری خومەینی و موبارەزە دەگەڵ خومەینی زۆر گرانتر و پڕهەزینەتر لە خەبات دژی بەختیارە. بۆیە نەک تەعریفی بەختیار بکەین، بەڵکوو بێدەنگەمان لێکرد، تەنانەت وەختێکی بەختیار هێندێک قسەی لە دژی ئامانجەکانی گەلانی ئێران کردن، ئێمە بە ڕێگای مەرحوومی یەحیاخانی سادق وەزیری - برای سارمەدینی سادق وەزیری کە ساڵی پێشوو فەوتی کرد - پەیاممان بۆ نارد کە ئەو قسانە چین؟ بۆ پێی وایە دەوران هەر دەورانی شایەکانی قەدیمە؟ ئەو عوزری هێنایەوە، گوتیشی تیکرار نابێتەوە - ئینسافەن قەتیشی تیکرار نەکردەوە -. ئەوە یەکێک لە خەتەکان بوو. خەتی دیکە ئەوە بوو کە ئێمە دێموکراسی و ئازادی لە وڵاتەکەماندا تەجرەبە دەکەین؛ چونکی ئەو وڵاتە لەگەڵ دێموکراسی، لەگەڵ ئازادیی بەیان، لەگەڵ تەعەددود و... بێگانەیە. ئیعلانی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو نفووزێکی کە هەیەتی، خۆی بە حاکم و ساحەبی کوردستان نازانێ، بەڵکە ئازادیی بیر و ئەندیشە بۆ هەموو حیزبە

سیاسییەکان نەک هەر بەڕەسمی دەناسێ بەڵکوو داییتیش دەکا، ئیعلانی ئەوە بوو کە ئێمە دەمانهەوێ دەگەڵ گەلانی ئێران پێکەوە بژین، چونکی هەتا ئێستا تەجرەبەی ئێرانیش و وڵاتانی دیکەش کە کوردستانیان تێدایە ئەوەمان پێدەڵێ کە نازانم بۆ مەرحەلەیەکی چەند درێژ و چەند کورت، بەڵام جارێ دیسانەکە مەرحەلەی پێکەوە ژیانی ئەو میللەتانەیە؛ قۆناغی ئەوە کە میللەتی کورد بڵێ ماڵە خۆم دەکەم جارێ نەهاتوە.

جا ئەگەر تەماشای قسەکانی دوکتور قاسملووی بکەین ئێستاش بۆ فێربوون دەبن. هەر ئەو بەشەی گوێمان لێ بوو؛ لە پێشەوە ڕوو لە خەڵکی دەکا، سڵاویان لێ دەکا، خۆ دەکرێ وەکوو ئێستێ ئەمن گوتم بڵێ سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان، بەڵام دەڵێ سڵاو لە زیندانیان، سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان، سڵاو لە کرێکاران، لە جووتیاران، لە بازارییان، لە کارمەندان، لە مامۆستایانی ئایینی، لە عەشاییری نیشتمانپەروەر و هتد، هەمووان وەبیر دێنێتەوە، دەیانخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ بەڵێ کۆمەڵی ئێمە لەوانە پێک هاتووە. ئەوانە هەموویان ساحەبی قەزیەن و دەبێ شەریک بن هەم لە خەباتدا هەم لە مەسئوولیەتدا هەم لە عەینی حاڵدا لە سەڵاحیەتدا و لە ئەرکدا. هەروەها پەیام دەنێرێ بۆ گەلانی ئازادیخوازی ئێران، بۆ گەلانی ئێران، بۆ کەمایەتییەکان! گوێتان لێ بوو، مەسیحییەکان و... تەواویان ناو دێنێ؛ بۆ ئەوەی هەموویان خۆیان لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا بیبیننەوە.

پاشان دێتە سەر ئێعلانی خەباتی ئاشکرا، لە پێشەوە دیسان سڵاو لە خەباتی پێشووی دەکا، لە بیرتان بێ؛ چەندە بەجێیە. ئەگەر زەمانی لێ دەرکەین دەسکەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی مۆدێرنی کورد لە هەموو ساڵەکانی پێش ۵۷ حەتا بە زەمانی جمهووریشەوە، بەقەد ئەو خەبات و قوربانیدانە نابێ، بەقەد نیوەشی نابێ کە لەو چل ساڵەیدا بوومانە، بەڵام پێمان دەڵێ ئەوە ئازایەتیی ئێمە نییە، تاریخ ئەمڕۆکە دەست پێناکا، ئەوەی ئەوڕۆکە دەیبینین حاسڵ و بەرهەمی خەباتی دەیان و سەدان ساڵەی ئەو میللەتەیە؛ جا لە هەر فۆڕمێک و میتۆدێکی خەباتدا بووبێ.

دوایە باسی هەڵوێستە سیاسییەکانی دەکا. خۆ جودا ناکاتەوە، میللەتی کورد جودا ناکاتەوە، چونکی دەیهەوێ پەیامی دۆستی و ئاشتی بنێرێ. ڕێک دەڵێ خەڵکی ئێمە بەرێبەرایەتیی خومەینی لەگەڵ حوکوومەت - خەڵکی ئێمە یانی خەڵکی ئێرانێ_ تا ئێستا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە؛ بەڵام بە هاوپێوەندی، بە هاوکاری دەتوانین سەرکەوتنی زۆر لەوە گەورەتر بەدەست بێنین. ئەگەر بە زمانێکی دیکە بڵێم نالێ کوردستان و ئێران، دەڵێ کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران یا کوردستانی ئێران، ئێران لە کوردستان جودا ناکاتەوە؛ تا هەڵوێستێکی بەرامبەر بە هەموو حاکمییەتی ئێران و بەرامبەر بە هەموو گەلانی ئێران و سازمانە سیاسییەکانی نەگرتبێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا دەڵێ: «نابێ ڕێگا بدرێ کۆنەپەرستی جارێکی دیکە زیندوو ببێتەوە، نابێ ڕێگا بدرێ دیکتاتۆری لە هەر شکڵ و شەمایلێکدا نوێ ببێتەوە.» بە

زمانی سیاسەت، بە زمانی حیکمەت بە جمهووریی ئیسلامی دەڵێ دیکتاتۆریی تۆش هەر وەک دیکتاتۆریی شای وایە؛ کەوابێ ئەگەر ئەومان قبووڵ نەکرد ئەتۆش قبووڵ ناکەین.

لەبیرمان نەچێ کە لەو وەختەدا سەڵتەنەتتەڵەبەکان فەعال بوون، بەنیازی گەڕانەوە بوون بۆیە لە گەڕانەوەی پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتییش هوشدار دەدا. تەئکید لەسەر دێموکراسی دەکاتەوە و دەڵێ بەبێ دێموکراسی مافەکانی گەلی کورد وەدی نایەن. جارێکی دیکە لە کۆبوونەوەیەکی چووکەڵەتردا گوتم: ئێستە ئێمە مەقوولەیەکمان هێناوە مەسەلەی کورد بە دێموکراسی حەل نابێ، چونکی ئێمە لە ئێرانێدا ئەقەلییەتین. بەڵێ ئەگەر موجەڕەد تەماشا بکەی ئەو جوملەیە ڕاستە، بەڵام ئەگەر بە دێموکراسی نەبێ ئەدی بە چی؟ دەتوانین بۆخۆمان بەدەستی بێنین؟ دەتوانین بەرامبەر بە هەموو گەلانی ئێران ڕاوەستین؟ کوردستان بپچڕین؟ بەڵێ هەروایە بەبێ دێموکراسی مەسەلەی کورد چارەسەر نابێ، مەسەلەی میللی چارەسەر نابێ؛ ئەوە کە تا ئێستا چارەسەر نەبووە لەبەر ئەوە نییە کە دێموکراسی خراپە، لەبەر ئەوەیە کە دێموکراسی نییە. مەسەلەن لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا کە تێزی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش حاکم بوو، لە وڵاتێکی وەکوو چێکۆسلۆڤاکیدا کە دوو میللەتی لێ بوون، چێک دوو بەرابەری سلۆواکەکان بوو، دوو مەجلیسیان هەبوون، یەکیان مەجلیسی نوێنەران بوو، کەبە تەبیعەتی حاڵ چێکەکان دوو بەرابەری سلۆواکەکان نوێنەریان هەبوو، بەڵام یەکێکیان مەجلیسی نەتەوەکان بوو، هەردووکیان بەقەد یەکیان نمایەندە هەبوو و، هیچ بڕیارێکی گرینگی نەتەوایەتی نەدەدرا ئەگەر لەو مەجلیسەیدا پەسەند نەکرابا؛ لە نەتیجەدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەو دوو میللەتە وەک یەک بوون. تەنانەت نوکتەیەکیان ساز کردبوو یان بە قەول جۆکێک، دەڵێ: لە کابرایان پرسی ئەتۆ ڕەییسی ئەو کارخانەی، تکنیکت خوێندوە؟ گوتی نەوەڵڵا. پرسییان ئەدی تەجرەبەی کارت زۆر بووە؟ گوتی = نەوەڵڵا. دەی چۆن بووی بە ڕەییسی کارخانەیەکی ئاوا گەورە؟ گوتی ئاخر ئەمن سلۆواکم، دەبێ بەشی خۆم پێ ببڕێ. یانی بەو ئەندازەیە. کەوابێ زۆر تەئکید دەکاتەوە کە بەبێ دێموکراسی وەدەستمان ناکەوێ، لە پاشان دەوڵەتێکیش ناتوانێ دێموکرات بێ ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نەکا، چونکی مەسەلەی نەتەوایەتی ڕوکنێکی هەرە بنەڕەتییە بۆ دێموکراسی.

یا لەو وەختەدا بەتایبەتی، کە بە باوەڕی من ئێستاش هەر بەجێیە پیاو بزانێ دەڵێ چی هێرش دەکاتە سەر ئەوانە کە تۆمەتی جیاوازیخوازی یان بەقەولی فارسەکان تەجزیەتەڵەبی لە کورد دەدەن. دەڵێ ئەوانە بۆیە وا دەڵێن کە میللەتی کورد بترسێ و لە ترسی ئەوەی پێی بڵێن تەجزیە تەڵەب، خەبات نەکا و داوای مافەکانی خۆی نەکا. دەڵێ بەڵام خراپ حاڵی بوون، میللەتی کورد لەسەر داوای مافەکانی خۆی سوورە، لەعەینی کاتیشدا دەڵێ لە هەموو کوردستانی ئێراندا حیزبێکی سیاسیی جوداییخواز نییە و بەڕاستیش ئەو وەختە نەبوو. ئێستێ هەمانن بەڵام ئەو وەختێ ئەوەشمان نەبوو. پاشان ڕوو بە گەلانی ئێران دەڵێ: ئێمە دەرەتانی ئەوەمان هەیە یەکیەتییەکی پان و بەرین پێک بێنین، ئامانجی

هاوبەشمان زۆرن، یەکیەتییەکی وا کە هەم ماف و ئازادییەکانی هەموان دابین بکا هەم وەکوو وڵاتێکیش سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی، سەلامەتی سنوورەکانی ئەو وڵاتەی بپارێزێ. هەموویان دەعوەت دەکا بە هاوکاری. بەوەندەش ڕازی نابێ، بەرنامە دەدا بە دەوڵەت؛ دەوڵەت دەبێ بەرنامەی ئابووریی هەبێ، بەرنامەی ئابووری بۆ پێشخستنی وڵات بەقازانجی بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵک، ئەو بەشانەی جامیعەکە مەحروومن لە خێروبێری وڵاتەکەی خۆیان. ئەو وەختی وەکوو ئێستا نەبوو مەسەلەی زەوی و زار لە کاردا هەبوو، ئیسلاحاتی ئەرزیی شای، بە نیوەچڵی ڕۆیبوو و تەواو نەکرابوو. تەئکید لەسەر ئەوەی دەکاتەوە کە دەبێ زەوی و زار دابەش بکرێ، چۆنیش؟ بەو جۆرە دابەش بکرێ نەک ساحەب مڵکەکە بە بەرتیل زەمینەکان بۆخۆی بگرێ. دەڵێ بەو جۆرەی دەبێ دابەش بکرێ زەوی بۆ ئەو کەسە بێ کە بۆخۆی کاری لەسەر دەکا، نەک سەرمایەدارێکی گەورە بتوانێ هەزاران و دەیان هەزار هێکتار زەوی بکڕێ جا ئەوجار کۆمباینی بۆ بێنێ و تەراکتۆری بۆ بێنێ و ڕەنێوی بێنێ.

دەڵێ دەبێ سەعاتی کاری ڕۆژانە و حەوتووانە بۆ کرێکار دیاری بکرێ، تا ساحەبکار نەتوانێ کرێکار بە قازانجی خۆی و بە ئیشتیای خۆی بچەوسێنێتەوە. یانی لەواقعدا خەتێک بۆ دەوڵەتیش دادەنێ کە ئێرانیم و دەبێ حەقم هەبێ بڵێم دەوڵەتەکە چۆن بێ. ئاوا خەت بۆ ئەویش دیاری دەکا.

یان باسی سیاسەتی دەرەوە دەکا، دەڵێ ئێران دەبێ لە پەیمانە نیزامییەکان بێتە دەرێ، سیاسەتێکی بێلایەن و غەیرەموتەعەهید بەئەستۆ بگرێ کە لەگەڵ هەموو وڵاتان دۆستایەتی بکا، پێوەندیی سالمی هەبێ بەبێ ئەوەی دەخالەت لە کاروباری هیچیاندا بکا یان هیچیان دەخالەت لە کاروباریدا بکەن.

باسی دەسەڵات دەکا، دەڵێ ژاندارمری و شارەبانی ئیدی نابێ بەشێوەی ڕابردوو بن، کوتەک بن بەسەر خەڵکییەوە بەڵکوو دەبێ ئەو دوو هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییە لە ئیختیاری ئەو شۆڕایانەدا بن، کە خەڵک بە دێموکراسی هەڵیان دەبژێرێ. ئەوەی لە قانوونیشدا لە هەموو قانوونەکاندا دەڵێ: ژاندارمری ئالەتی ئیجراییە بە دەستی قانوونەوە، داوای ئەوەی دەکرد. دەڵێ دەبێ ئەرتەشی کۆنەپەرستی شای هەڵوەشێ، ئەرتەشێکی گەلی لە جێگەی دابمەزرێ و، نابێ پادگانەکانی لە نێو ژن و منداڵی خەڵکی دابنێ، پادگانەکان - مادام ئەرتەش وەزیفەی سنوورپاراستنە - دەبێ لە نیزیک سنوور بن، دوور لە هاووڵاتیان. لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا سەربازێکت چاو پێ ناکەوێ، ئەوەندە لە ئاوەدانییەکان دوورن، تەنانەت ئەفسەرێک کە دەچێتەوە مەرەخەسی بە لیباسی ئەفسەرییەوە ناچێ.

سەرەنجام دێتە سەر کاری خۆمان و دەڵێ: ئێمە موهیمترین سیلاح کە لەبەر دەستمان دایە، تەشکیلاتە. دەبێ تەشکیلاتێکی

پتەومان هەبێ و، ئەندامانی حیزب دەبێ ئەو بیروباوەڕە سیاسییە کە حیزبەکەیان هەیەتی، بەرنە نێو خەڵک. زۆر جار ئەو قسەیەی دووپاتە دەکردەوە و دەیگوت ئێمە سێ عامیلی قووەتمان هەیە؛ دوویمان کامیلن - کامیل بە مەعنای موتڵەق نا- یەکیان، سیاسەتێکی ئوسوولی و ڕاستە کە دەگەڵ واقعییات دێتەوە، ئەوەمان هەیە. ئەوی دیکەیان پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکە، خەڵکمان لەگەڵە - ئەوەندە بەسە لە ئینتخاباتێکی ئازاددا و لەو جێیانەی وا ڕەئیەکان خوێندرانەوە و دەرچوون حیزبی دێموکرات ٨٢%ی ڕەئیەکانی کۆ کردەوە-. دەڵێ بەڵام عامیلی سێیەم، پێوەندیی نێوان ئەو سیاسەتە و ئەو کۆمەڵانی خەڵکەیە، دەڵێ ئەوەمان زەعیفە، دەبێ کاری لەسەر بکەین؛ چونکی ئەگەر ئەو حەڵقە پێوەندییە ئەو دووانە پێکەوە وەسڵ نەکا خۆ سیاسەت دروست بێ یا دروست نەبێ فایدەی نییە، خەڵک خۆشی بوێ یا خۆشی نەوێ نایێ هاوکاری بکا ئەگەر موشارەکەتەکەی تێدا نەبێ. حەتا لە ئاخیریەکەیدا ئەگەر دیقەت بە وتارەکەی دەکەی، لەوێشدا هەر سیاسی بیر دەکاتەوە عادەتەن لە پاش هەموو وتارێکی سڵاو دەنێرن. سڵاو تەقریبەن لە تەک تەکی تەرکیبات و کۆمەڵی کوردستان و ئێران دەکا، چ چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری چ جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵی ئێران بە گشتی.

تەئکیدی کە لەسەر ئەو سیاسەتە دەکرد - پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە یەکێک هەڵستا، ناوەکەشیم لەبیرە و دەشزانم کێ بوو. هێندێ قسەی کردن لەخۆڕا کە لە جەهەتی خیلافی ئەو خەتتە سیاسییەدا کە لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا هەبوو - لەگەڵ ئەوەی کە دوکتور قاسملوو تەقریبەن سەعاتێک دەبوو قسەی خۆی کردبوو - هاتە پشتی میکرۆفۆن گوتی: ئێرە میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەو قەزایایەی کە مەترەح دەبێ هی حیزبی دێموکراتە و هیچ خەتێکی سیاسیی دیکە جێی نییە لێرەدا - نامەوێ بچمە نێو جوزئیاتیەوە- ڕەتی کردەوە، کە لەوێدا ئینحرافێک لەو خەتە سیاسییە کە خۆی و حیزبەکەی باوەڕیان پێی هەیە ڕوو بدا.

بەڕاستی ناکرێ پیاو یادێک لە ١١ی ڕەشەمە بکاتەوە و یاد لە گەورەیی خەڵکی مەهابادێ نەکاتەوە؛ چ بۆ بەشدارییان لە هەموو شتێکدا، چ بەتایبەتی بۆ میوانداری. ئەوە کە گوترا وا بوو، دەیانگوت میتینگی ١٠٠هەزار نەفەری، تەقریبەن وا هات کە بەوە ناسرا لە حاڵێکدا ڕۆژنامەی ئیتلاعات یان کەیهان بوو، نووسیبووی دووسەد هەزار کەس. ڕەنگە ئەو ڕەقەمە زیاد و کەمی هەبێ، ئەتۆ خۆ سەرژمێرت نەکردوە، بەڵام وەکوو لەو قسانەدا هاتبوو ئەوەی کە گوێتان لێی بوو؛ ئێمە ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ پێشوازی لە میوانان لە ڕۆژی پێشدا. شەوێ شەست و سێ هەزار کەسیان دامەزراندبوو، ئەوەش جالیبە کە بزانین مەهاباد ئەو وەختی تەخمین دەکرا کە هەموو حەشیمەتەکەی بە منداڵیشەوە ٥٠ هەزار کەسە. ئەوە هی کوێ بوو؟ هی شارەکانی دوور لە کوردستان و لە ئێرانێ - تەقریبەن لە هەموو - شارەکانەوە بە تایبەتی لە تاران و تەورێز و ئەوانەوە خەڵکێکی یەگجار زۆر هاتبوون، کوردەکان تەقریبەن بەشی هەرە عومدەیان هاتبوون، خەڵکی دیکەش فارس و ئازەربایجانی و ئەوانە هاتبوون. بەیانییش خەڵکی دەوروبەری مەهابادێ و شارە نیزیکەکان. بێ ئەدەبیشە ئەو

قسە درێژ دەبێتەوە، بەڵام - دەقیق لەبیرم نییە سەعات چەند بوو - کە میتینگەکە تەواو بوو، خەڵکەکە ڕۆیشتنەوە. ئەمن بووم بە واسیتەی ئاشتی لە نێوان دوو پیاوی مەهابادی لەسەر چوار میوانی بانەیی؛ ئەم دەیگوت ئەمن دەیانبەم و ئەوی دیکە دەیگوت ئەمن دەیانبەمەوە بۆ ماڵێ. چووم گوتم ئەرێ کاکە ئێوە لە ماڵێ تەلەفوونتان نییە ؟ گوتیان بەڕێوەڵڵا، گوتم دەی باشە دوو بۆ ئەوێ و دوو بۆ ئەوێ دوایە بە تەلەفوون یەک بگرنەوە؛ ئاوا سوڵحیان کرد.

جارێکی دیکەشم هەر ئەوە گێڕاوەتەوە، لە کۆنگرەی چواریشدا وا بوو. کۆنگرەی چوار پێم وابێ شەش ڕۆژی خایاند، دەوری سێسەد کەسی تێدا بوو، باوەڕ بکە حیزبی دێموکرات تمەنێکی خەرج نەکرد؛ هەمووی خەڵک بوو کە میوانداریی لێ کردین، بەخۆشمانەوە - ئێمەش کە بۆخۆمان لەوێ بووین - ئێمەش هەر لە ماڵان بووین. چ وەختی نیوەڕۆ و ئێواران چ وەختی پشوو دانێ، ئەگەر دەهاتییە دەرێ ئەو کووچە و کۆڵانانە هەموو پڕ بوونلە خەڵک، بۆ ئەوەی بزانن ئەخباری کۆنگرە چییە یان بۆ ئەوەی وەختی نەهار و شامێ میوانەکان بەرنەوە. جا پێم وابێ ناحەقمان نابێ ئەگەر سڵاوێکیان بۆ بنێرین. [دەنگی چەپڵەی بەشداربووان]

هاوڕێیان پێم خۆشە شتێکی دیکە بڵێم مەوازیعی ئێستای حیزبی دێموکراتی ئەمن باس ناکەم چونکی ئەوە هەم ڕەنگە درێژ بێ هەم وەزیفەی ڕێبەرایەتیی حیزبە و ئەو ئاشنایە بەوەی، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دەگەڵ ئەوەی چل ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە ئێمە ئێستا لە جێگەی خۆمانین و لە هێندێک بارەوە ڕەنگە لە جێی خۆشمان نەبین. ئەو وەختی کە لە مەهابادێ بووین ئێستێ دووسەد - سێسەد کیلۆمیتر دوور لە مەهابادین. بەڵام هەر وەکوو لە پێشدا گوتم ئەو بەرنامانە، ئەو ئامانجانە بۆ ئێستاشمان ڕاستن، بەڵام ئێستا ڕەنگە سەیر بێتەپێش چاو، کە بڵێم زۆر بەهێزترین لەو وەختەی کە میتینگی مەهابادێمان گرت، هەروا بە قسە نائێم. ئەو وەختی کە دەیانگوت حیزب هاتۆتەوە، حیزب ئەو وەختی لە نێوخۆ بوو و ئێستەش لە نێوخۆیە؛ مەبەستیان لە حیزب ئەوە بوو کە ئەوانەی لە دەربەدەری بوونە، ڕێبەرایەتیی حیزبیان بەدەستەوە بووە. لە ڕۆژی یازدەی ڕەشەمەی ٥٧دا، ئێمە هەموو ئەوانەمان کە هاتبوونەوە یان دەبوو بێنەوە لە دەرێ ڕا، بەینی ٥٠ تا ٧٠ کەس دەبوون، هەموو ئەوانەش کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتەوە هەبوو لە داخڵی وڵاتدا دەگەیشتنە تەقریبەن پێنج - شەش و دە بەرابەری ئەوەی. شەشسەد - حەوسەد کەس ئەوپەڕی، هەموو شەهیدەکانیشمان تا ئەو وەختی بەینی ٥٠ تا ١٠٠ کەس بوون. بەڵام ئێمە ئێستا سەرمایەی هەزاران تێکۆشەرمان هەیە کە لێرە و لە جێی دیکە هەن. سەرمایەی ٤٠ هەزار شەهیدمان هەیە، ئەویش ئەو شەهیدە گەورە و بەئەرزشانە کە ئێمە داومانن. ئێمە ئێستە بە هەزاران کادری کارلێهاتوو و کارزانمان هەیە لە داخڵی وڵاتدا کە هەموویان بۆ ڕۆژی خۆی پێشمەرگە و کادرێکی ئامادەن. بە هەزارانمان لە دەرەوەی وڵات هەیە. ئەو قسانە بۆیە دەکەم؛ چونکە ئێمە پادگانی مەهابادێمان گرتبوو، خەڵکەکە ژ-٣ کانیان دەناسی هەڵیانگرتبوون بەڵام، نەیاندەزانی لوولە کوورەیە یا چییە! ئارپیجی! کەس نەبوو بزانێ بەکاری بێنێ!

ئێستێ هەر لە داخڵی ئێرانێ بە سەدان و هەزاران کەسمان هەیە کە بە قەولی مەعرووف ئەوانەی وەک ئاوێ لەبەرە، پێم وابێ ئێمە سەرمایەیەکی زۆرمان هەیە.

ئەگەر تەلەفاتمان داوە، ئەگەر دوورین لە وڵات و... ئەوە نرخی ئازادییە. ئەو قسە زۆر پیاوی گەورە کردوویانە کە لە خەباتدا شەرتی هەرە ئەساسی بۆ سەرکەوتن، بیندرێژییە، نەفەسمان درێژ بێ.

لە ڕەحمەتی بارزانی دەگێڕنەوە کە دەیانگوت هەموو جارێ دەیگوت: «بێهنا خۆ درێژ کەن.» نەفەستان درێژ بێ. عەزممان هەبێ، یەک بگرین، ئەو سیاسەتە ئوسوولییەی کە هەمانە سیاسەتی موعتەدیل، سیاسەت بە خەیاڵ ناکرێ، سیاسەتێک کە لەگەڵ واقعیاتی زەمان و مەکان ڕێک بکەوێ. ئێمە سەر دەکەوین، دەکرێ بڵێم هیچ ڕێگەشمان نییە غەیری سەرکەوتن.
سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

## ٣٨ ساڵ دوای ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات



**مەجید حەقی**

٣٨ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک ئایدیۆلۆژیەکانی چەپی رادیکاڵی لێنین زەدە و مائۆلێدراو لە لایەک و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی ببوو بە سەنتەری پێناسەی حیزبە "رۆشنبیر" و "پێشکەوتووەکانی" ئەو سەردەمە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەری دوکتۆر قاسملوو ئەوەی ئەمرۆ باوە پێی بوترێ "هێڵی سێهەم"ی راگەیاند. هێڵی دیموکراسیخوازی، خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ئاوەدانکردنەوەی بنەماکانی نەتەوەی ئازاد. کاتێک رێبەرە "رۆشنبیرە"کان دەنگی دیکتاتۆری چینی کرێکاریان بەرزدەکردەوە و تەنیا ئەو چینەیان بە رزگاریدەری مرۆڤ دەزانی و مافی چارەنووسی نەتەوەیەکیان بە بەرژەوەندی چینی کرێکار بەستبووەوە، کاتێک ئەوانەی هەمیشە پشتیان بە دوژمن گەرمە و ئاڵترناتیڤەکان لە ئاسمانەوە دەبینن هەموو شتیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا دەدی؛ رێبەرێک هەڵسا خەونی گەورەتری نەتەوەکەی وێناکرد. رێبەرێک لە قووڵایی کێشە ئایدیۆلۆژیەکان رێگای رزگاری نەتەوەکەی نەک بە گرێدراوی بە دیکتاتۆریەکان بەڵکوو بە هەڵبژاردنی رێگەی سێهەم، رێگەی رزگاری و سەرکەوتن، رێگەی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی نیشاندا.

٣٨ ساڵ لەمەوبەر ئەو بایەخانەی کە قاسملوو باسی دەکرد، کەمتر رۆشنبیر و سیاسەتڤانێک بوو کە لێی تێدەگەیشتن. ئەو خەڵکەی کە لەدەوری دروشمەکانی قاسملوو کۆ ببوونەوە بەرلەوەی کە لەو بلیمەتە بگەن لە میراتێک کە قاسملوو

نوێنەرایەتی دەکرد بەخاوەن دەرکەوتبوون و وەفادار بە ڕێبازێک بوون کە سەردەمانێک ١١ مانگ، تەنیا ١١ مانگ هەستی مرۆڤ بوون و خاوەن چارەنووسی خۆیبوونی بەوان بەخشی بوو. ئەم هەستە گەورەتر وقووڵتر لە دروشمە زریقەدارەکانی سەردەم بوو. وەفا بەو ڕێگایە ئاسانتر بوو. لەو سەردەمەدا تەنیا ٣٠% لە خەڵک شارنشین و کەمتر لە ١٥% خەڵک خوێندەواری هەبوو، ئەوە قاسملوو و حیزبەکەی بوو کە بیری نەتەوایەتی بە هزری گلۆبالیزم و دیموکراسیی لیبڕاڵ و دادپەروەر گرێدابوو و سەرەرای هەموو پرۆپاگەندە و شەڕی ڕەوانی سەردەم بایەخەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچەیەکی بەرتەسکەوە نەتەنیا سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاند بەڵکوو ئەمرۆ گەیشتۆتە بەلووچستان و "احواز" و لە ناو گیلەکی و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی ئێرانیشدا بڵاو بوەتەوە.

ئەو هزرانەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە "وردستان و کورد" دا نووسیبووی و لە "کورتەباس" و نووسراوەکانی دیکەدا وەک پێشبینی و ئاسۆی دوارۆژی ناوچەدا وێنای کردبوو، لەم ڕۆژانەدا لە ئاستی سیاسەتی ماکرۆ بە شێوەیەکی گشتی باس دەکرێت و وەک یەکێک لە جیددیترین کلیلەکانی چارەسەری پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبیندرێن. ڕۆشنبیرانی نەتەوەی سەردەست بەرەبەرە لەوە تێدەگەن کە قاسملوو و حیزبەکەی خاوەنی چ فەلسەفە و قووڵاییەکی بیرکردنەوەن. قوتابخانەی قاسملوو بە ئیلهام وەرگرتن لە بیری گەشەکردنی پەروەردەیی، ڕۆژ بەرۆژ و قۆناغ بە قۆناغ نەوەی نوێ و تێگەیشتووتر و خۆگونجاوتر لە گەڵ جیهان پەروەردە دەکات و سەرەرای بوونی "پێککەوتن"ی نێوان نەوەکانی بڕیاردەر و نوێی ناو شۆڕش، هەوجەیی گفتگۆ و مێنتۆریی لە هەمووکات زیاتر لە کۆمەڵگای سیاسیدا خۆی دەنوێنێت.

بایەخەکانی قاسملوو و حیزبی دیموکرات ئەمرۆ گشتگیرن، بەشێوەیەک کە ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەو بایەخە دەکەن زۆر زۆر زیاترن لە رادەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەی قاسملوو. ئێستا ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتی میراتگرانی قاسملوویە کە ئەو بایەخانە بکەنە سەرمایەی بەهێز بۆ قووڵترکردنی خەبات لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مەدەنی، ئێکۆلۆژیک، یەکسانیخوازی، دیاسپۆرای دەرەوەی وڵات و دیپلۆماسی. ئەو سەرمایە بەربڵاو وگەورەیە نەتەوەییە، پێویستی بە ڕێبەرییەک هەیە بە هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و سیمایەکی مرۆیی لە ڕێبەری بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو سوپاسمەندی ئەوەی ئێستا بن و چیدیکە خوێن نەدەن لە پێناو هەمان ئەو بایەخانەی کە ئەمرۆژانە نرخی گرانبەهایان بۆ دەدرێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧**

## میتینگی ١١ی ڕەشەمە، هەڵەیەکی مێژوویی




**مادح ئەحمەدی**

### بەرایی

ڕۆژی ١١ی ڕەشـەممە لە مێـژووی جـووڵانەوەی ڕزگـاریخوازیی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەگشـتی و لە مێـژووی حیزبـی دێمۆکراتـدا، ڕۆژێکـی پـڕ گـرنگە. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە سەیر گرنگیی ئەم پرسە بکەیـن، ئەوا یەکەم هۆکـاری گرنگییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوای ساڵانێکی زۆر دابـڕان و تێکۆشانی نهێنی، حیزبی دێمۆکرات بە ڕێبەرایەتیی، "دکتـۆر قاسـملوو"ی مەزن دەگەڕێـتەوە نـاوخۆی وڵات و لە ڕۆژی ١١ی ڕەشـەممەی ١٣٥٧ (٢ - ٣ - ١٩٧٩) لە میتینگێکـی جەماوەریدا لە شاری مەهاباد تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکرات ڕادەگەیەنێ.

لە ڕاستیدا ئەمە دەبێتە سەرەتای قۆنـاغێکی نـوێ لە ژیـانی حیزبی دێمۆکراتـدا. دوای ڕووخـانی کۆمـار، ئەندامانی حیزبـی دێمۆکرات پەڕیوەی باشووری کوردستان و عێراق دەبن و لە تاراوگە حیزب ساغ دەکەنەوە. جگە لە بزووتنەوەی چەکدارانەی



سەرچاوە
Serchawe

ساڵانی ٤٦ - ٤٧ (٦٧ - ٦٨) (کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکرات)، حیزب تا کاتی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، چالاکییەکی ئەوتۆی نەبووە و تاڕادەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی دابڕاوە و تەنیا لە کەناڵی شانەکانی ڕێکخستنی نهێنییەوە توانیویەتی پێوەندی بە خەڵکەوە بگرێ. ١٩ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، واتە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە دکتۆر قاسملوو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب ڕادەگەیەنێ و بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لە دەوری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کۆ دەبنەوە سەرەڕای دروست بوونی گرووپ و ڕێکخراوی چەکداریی دیکە، بەڵام حیزبی دێمۆکرات لایەنی سەرەکیی گۆڕەپانەکەیە و مەودایەکی زۆری لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەیە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر یادی ئەم ڕۆژە کراوەتە و کەمتر هەڵکەوتووە کە ڕەخنە لەم ڕۆژە بگیردرێ. ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستە، ئەوەیە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ڕۆژی بەڕێوەچوونی میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە مەهاباد بکەین. واتە لایەنێکی دیکەی گرنگیی میتینگی ١١ی ڕەشەمە، تاوتوێ کردنی ئەو پرسیارەیە کە بۆ ئەم میتینگە لە مەهاباد بەڕێوە چوو؟ کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بەڕێوەچوونی میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە مەهاباد، لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟ ئایا دیاری کردنی مەهاباد وەک شوێنی میتینگەکە بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، بەرهەمی بڕیارێکی سیاسی و خوێندنەوەیەکی سیاسی بوو، یان بەرهەمی هەست و سۆزی شۆڕش و عاتیفە و ناوچەگەریی بوو و خوێندنەوەیەکی هەڵە بوو؟

## تایبەتمەندیی ناوەند

ناوەند لە هەموو شوێنێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە دەوری کۆکەرەوە بگێڕێ. بۆ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ دیاریکردنی شارێک وەک ناوەند و پایتەخت، لە ئێستادا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەبێ ئەو شارە خاوەن تایبەتمەندییەکانی شارێکی مۆدێڕن بێ.

**چەند تایبەتمەندییەکی گرنگیی شارێک کە دەبێتە ناوەند بریتییە لە:**

١- لە ڕووی شارسازییەوە پێشکەوتوو بێ و دەرەتانی پەرەسەندنی هەبێ،
٢- لە ڕووی ئابوورییەوە پێگەیەکی بەهێزی هەبێ،
٣- ناوەندی ئاکادێمی و زانستیی ستاندارد و پێشکەوتووی تێدابێ،
٤- لە ڕووی جوگرافییەوە وا هەڵکەوتبێ کە بتوانێ دەوری ناوەند بگێڕێ،



سەرچاوە
Serchawe

٥- لە ڕووی توریستییەوە سەرنجڕاکێش بێ و...

ناوەند، یان شاری سەرەکی، زیاتر شارێکە کە لە چاو شارەکانی دیکە گەورەترە و ڕێژەی دانیشتوانی زیاترە. ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەو شارە ببێتە ناوەند و دامودەزگای حکوومەتی لێ دادەمەزرێ. نوێنەرایەتیی سیاسی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان لە ناوەند دادەنرێ و ناوەند لەگەڵ دەرەوەدا لە پێوەندی دایە و وەک نوێنەری شار و ناوچەکانی دیکە چاوی لێ دەکرێ. واتە هەر ناوەندێک، تەعبیر لە هەرێمێک، پارێزگایەک، یان وڵاتێک دەکات. (١) بۆ وێنە کاتێک دەوترێ "هەولێر"، تەعبیر لە هەرێمی کوردستان دەکات. کاتێک دەوترێ "واشنگتون"، تەعبیر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات. کاتێک دەوترێ "ئەنکارا"، تەعبیر لە تورکیا و دەوڵەت و سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە دەکات. بەو پێیەی کە دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەت، یان سیتسمێکی سیاسی لە ناوەندا کۆ دەبێتەوە، دەبێ ئەو ناوەندە، کەمترین مەترسیی شەڕ و هەڕەشەی لەسەر بێ.

## پێگەی مەهاباد

بەو پێیەی مەهاباد شوێنی لەدایکبوونی حیزبی دێمۆکرات و پایتەختی کۆماری کوردستان بووە، پێگەیەکی تایبەتی لە بزووتنەوەی کورددا هەبووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو شارە لە چاو شارە بووچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر بناسرێ. هەروەها یەکەم سەرکۆماری کورد و پێشەوای حیزبی دێمۆکرات (قازی محەممەد) خەڵکی ئەو شارە بووە و لەوێش لە سێدارە دراوە و شەهید بووە. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوە کە مەهاباد پێگەیەکی سیمبۆلیک و مێژوویی لە ناو کورددا هەبێ. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانە، مەهاباد لە ڕووی هەڵکەوتەیی جوگرافییەوە، پۆزیشنێکی باشی نییە و ناتوانێ دەوری سەنتەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگێڕێ. جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژ و باریکە لە ماکۆ و خۆییەوە دەست پێدەکا و شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە بەرەوە ئیلام و لۆڕستان و خوارتر. لەم هێڵە جوگرافییەدا فرەچەشنییەک دەبینرێ کە پێکهاتووە لە زاراوە و بن زاراوە و ئایین و وردە کولتووری جۆراوجۆر. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم تایبەتمەندییانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕووی زانستییەوە، مەهاباد ناتوانێ دەوری سەنتەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕێ و ببێتە ناوەندێک بۆ شکاک، (کورمانج) ئەردەڵان، کەلهۆڕ، لۆڕ، یارسان و کوردی شیعە و کوردی سوننە، بەڵام هەروەک باس کرا ئەم شارە پێگەیەکی گرنگی مێژوویی لە بزووتنەوەی کورددا هەیە و بەوەش ناسراوەتەوە.

هەروەها پێگەیەکی ئابووری ئەوتۆی نییە، مەترسیی لەسەرە و هاوسنوورە لەگەڵ ئازەرییەکان و...، بە واتایەکی گشتی مەهاباد خاوەن پێگەیەکی مێژووییە، بەدەر لەمە، چ ئەوکات و چ ئێستاش تایبەتمەندییەکانی شارێکی تێدا نییە کە

بتوانێ ببێتە ناوەندیی سیستمێکی سیاسی.

## کاریگەرییە نێگەتیڤەکان

بە بۆنەوە کە کۆماری کوردستان لە ناوچەیەکی بچووکی چەند هەزار کەسیدا ڕاگەیەندرا، بازنەی گەشەی هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵات زۆر سنووردار بووە و بە گوێرەی پێویست لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمار گەشەی نەکردووە. بەو بۆنەوە کە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا بوو، زۆر جێ گلەیی نییە کە بێژین بۆ کۆمار لەو کاتەدا، پەلی نەهاویشتووەتە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یان بۆ لە سنە و کرماشان ڕانەگەیێندرا، چونکە ئەوکات ئەو هەلە نەڕەخسابوو. دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەلێکی زێڕین بۆ حیزبی دێمۆکرات هەڵکەوت کە بتوانێ ئەم بازنەیە بەرینتر بکاتەوە و بگاتە قووڵایی ستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی بڕیارێکی هەڵەدا حیزب ئەم هەلە لەکیس ئەدا و تا ئێستاش ئاسەوارەکانی بەسەر پێگەی جەماوەریی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات هەست پێدەکرێ.

ئەگەر حیزبی دێمۆکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی، یان یەکەم میتینگیی جەماوەری خۆی لە شارەکانی سنە و کرماشان ڕاگەیاندبایە، ئێستا ئاستی گەشەی ناسیۆنالیزمی کورد و هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیەکی دیکەی هەبوو. واتە ئەو سەرنج و ئینتیمایەی کە لەو ناوچانە (بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە کوردی شیعەن) بەرەو ناوەند (تاران) و لایەنە ڕیفۆرمیستەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەبووە و هەیە، هەڵدەگەڕایەوە بەرەو لای بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێمۆکرات. حیزبی دێمۆکرات بەم هەڵەیە توانا و قورسایی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەکی زۆر دابەزاند و ئەمەش وای کرد، دوای چەند ساڵ بەرگریی چەکدارانە، دیسان بخرێتەوە دەرەوەی گۆڕەپانی سەرەکی خەبات. ئەگەر حیزب تووشی ئەم هەڵەیە نەبوایە، خستنە دەرەوەی لە سنوورەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەستەم دبوو و ڕەنگە بەشێکی زۆر هاوکێشەکانی نێوان تاران و کوردستان، بە قازانجی کوردستان گۆڕانکاریی جیدی بەسەردا هاتبایە.

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم بڕیارەی حیزب ئەوەیە کە ئەم بڕیارە، جۆرێک لە سنووربەندیی لە نێوان ناوچەکانی موکریان و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست کردووە کە خەڵکی ئەو ناوچانە لە چاو ناوچەکانی سەرەوە، کەمتر ڕوویان لە پێشمەرگایەتی و ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات کردووە و ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو سنووربەندییە ماوە.

تەنانەت لە ناو ریزەکانی حیزبدا هەست پێدەکرێ و ئەمە لە جەناحبازی و ململانێیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و تا ئاستی ناوچەگەرایی چووە و زیانی زۆریشی بە حیزب گەیاندووە.

ئێستا زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە ئەگەر گۆڕانکارییەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان روو بدا، مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و خوارتر بەرەو لای هێزە سەراسەرییەکانی بچن و لەدەستمان بچێ، یان کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی باشووری کوردستان بە جۆرێکی دی لەوێ دووبارە ببێتەوە. ئەگەر حیزبی دێمۆکرات کاتی خۆی تووشی ئەم هەڵە مێژووییە نەهاتبایە و هەوڵی بۆ گۆڕینی واقیعەکە دابایە، ئەوا ئێستا ئەو مەترسییانە لە ئاردا نەبوون.

ئەم بڕیارە دواتر لە زۆر رووەوە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات داناوە و لە حیزبی دێمۆکراتدا خوێندنەوە و دابەشکاری هەڵەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. بۆ وێنە حیزبی دێمۆکرات هاتووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەسەر سێ ناوچەی باکور، ناوەند و باشوور دابەش کردووە. ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، ورمێ و... باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ناوچەکانی مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، سەردەشت و... ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و لە سەقزیش بەرەوە خوار (سێ پارێزگا و...) باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ئەمە ڕەنگە بەرهەمی یەکێک لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بەڕێوەبردنی میتینگی ١١ی ڕەشەممە لە مەهاباد بووبێ.

## هۆکارەکانی ئەم هەڵەیە

ئەگەر لە روانگەیەکی گشتییەوە سەیری ئەم بڕیارە بکەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە خوێندنەوەکە بۆ بارودۆخی ئەوکات دروست نەبووە و لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەدا، حیزب تووشی هەڵە دەبێ، چونکە لەو روانگەیەوە خوێندنەوەی بۆ بابەتەکە نەکردووە کە واقیعەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ.

**بۆیە هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم بڕیارە هەڵەیە دەکرێ بەم شێوەیە دەست نیشان بکەین:**

١- هەروەک ئاماژەی پێکرا، حیزبی دێمۆکرات لە مەهاباد لەدایکبووە و مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان بووە و شاری

پێشەوا قـازی محەممەد و شوێنی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی بووە. بۆیە بەشێوەی سیمبۆلیک ئەمە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی کە حیزبی دێمۆکرات میتینگی ١١ی رەشەمە لە مەهاباد بەڕێوە ببا و دوای ساڵانێک دابڕان، لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رابگەیەنێ.

٢- حیزبی دێمۆکرات لە مەهاباد پێگەی جەماوەری بەهێزە بووە، لەڕووی ئەمنی و هەروەها ئاستی بەشداریی بەرینی جەماوەری خەڵک لە میتینگەکەدا، وا بە باش زانراوە کە حیزب لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رابگەیەنێ. واتە لە مەهاباد بوارەکە لەبار بووە (٢) و هەوڵ بۆ ئەوە نەدراوە کە ئەو بوارە لە کرماشان و سنە بڕەخسێنن.

٣- کومیتەی زاگرۆس کە سەرەتا شەش کەس بوون (دواتر بوون بە ٧ کەس و دوای ئەویش ٨ کەس) و چەند مانگ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە نهێنی گەڕابوونەوە ناوخۆ، هەموویان خەڵکی ناوچەکانی موکریان و سەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بێگومان ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو بڕیارە، چونکە خەڵکی ناوچەکانی خوارەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بەشدار نەبوون و تەنانەت ئەو کەسانەش کە بۆ شاری سنە و کرماشان لەلایەن کومیتەی زاگرۆسە دەنێردرێنەوە خەڵکی موکریان بوون. ئەندامانی کومیتەی زاگرۆس بریتین لە: دوکتور قاسملوو بۆ تاران (خەڵکی ورمێ)، حەسەن شیوەسەڵێ بۆ ناوچەی ورمێ (خەڵکی سەردەشت)، سەید رەسووڵی دێهقان (بابی گەورە) بۆ ناوچەی نەغەدە و پیرانشار(خەڵکی پیرانشار)، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ مەهاباد (خەڵکی سەردەشت)، ئەمیر قازی بۆ کرماشان (خەڵکی مەهاباد)، هاشم کەریمی بۆ سنە (خەڵکی بانە)، دواتر حەمەدەمین سیراجی دێتەوە و دەچێتە سەقز (خەڵکی مەهاباد)، دوای ئەویش سەلیم بابانزادە (خەڵکی بۆکان) لە دەرەوە هاتبووەوە بۆ بۆکان. بۆیە ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە کە مەهاباد وەک شوێنی بەڕێوەچوونی مێتینگەکە دیاری کراوە، هەبووە. (٣) (٤)

## کۆتایی

بەپێی ئەو باسەی سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەڵبژاردنی مەهاباد بۆ مێتینگی ١١ی رەشەمە و راگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب کارێکی زۆر هەڵە بووە و تا ئێستاش ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان و ناوخۆی حیزبی دێمۆکراتدا بەرچاوە، چونکە مەهاباد خاوەن ئەو تایبەتمەندییانە نەبووە کە بۆ ناوەندی سیاسی پێویستە، بۆیە حیزبی دێمۆکرات دەبوو لە جیاتیی مەهاباد، سنە یان کرماشانی هەڵبژاردبایە و زەمینەسازی پێویستی کردبایە و بارەگای سەرەکی لە یەکێک لەو دوو شارە دانابایە.

دەبوو دکتۆر قاسملوو، لە باتی تاران، وەک کەسی یەکەمی حیزب چووبایەتەوە سنە یان کرماشان و لەوێ کاری کردبایە و بوارەکەی خۆش کردبایە. بەداخەوە ئەوکات ئەوەندە گرنگی بەم بابەتە نەدراوە و دوو کەس لەلایەن کومیتەی زاگرۆسە بۆ کرماشان و سنە دەنێردرێنەوە کە رەنگە بەهۆی هەلومەرجەکەوە، پێشتر قەت نەچووبێتنە سنە و کرماشان و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو شارە و خەڵکی ئەو ناوچانە نەبووبێ. بە واتایاکی دیکە لە هەڵبژاردنی شوێنی مێتینگەکەدا، ئەوەندەی پێوەری ناوچەیی و سۆز و عاتیفە و پێگەی سیمبۆلیکی مەهاباد دەوریان هەبووە، ئەوەندە واقیعە جوگرافی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کاریگەرییان نەبووە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بێژین، لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا پڕۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و ناسیونالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاستی بەشداریی ئەو ناوچانە لە خەباتدا، چەند دەیە کەوتە دواوە. ئەگەر حیزبی دێمۆکرات بنکەی سەرەکی لە سنە یان کرماشان دانابایە، رەنگە هاوکێشەکان جۆریکی دیکەیان لێ هاتبایە و چارەنووسی رۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێکی دیکە بوایە.

**پەراوێز:**

١- ویکی پیدیا.

٢- گۆڤاری "دیپلۆماتیک، وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە، ژمارە ٨، ئابی ٢٠١٣.

٣- ئەزموونی خەبات، وتوویژی هەیاس کاردۆ لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە، چ یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، ساڵی ٢٠١١.

٤- کورتەی ژیانی سیاسیی رێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئا: سەید رەزا دروودگەر، چ یەکەم، ساڵی ١٣٨٤.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا – رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## مێتینگی ئاشکرای حیزب




**برایم قەزاق**

۱۱ی رەشەمەی ۱۳۵۷، ۳۲ ساڵ پاش رووخانی کۆماری کوردستان، یەکەم جار حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مێتینگێکی ئازاد و بێ رێژیمی پاشایەتی و هیچ دەستەلاردارێکی فارس لە مەیدانی فوتباڵ (مەیدانی ئابیاری) شاری مەهاباد یەکەمین مێتینگی ئاشکرای خۆی پیرۆز کرد و نزیکی بە دەیان هەزار کەس لە سەراسەری کوردستان و ئازەربایجان و شارەکانی دیکەی ئێران بەشدار بوون.

کاسێتی ئەو مێتینگە پڕ شکۆیە لە لای من پارێزراوە و تەنانەت با بۆ یەکەم جاریش بێ خوێنەران و هەموو خەڵکی کوردی لێ ئاگادار بکەمەوە، فیلیمی ئەو مێتینگە و هەر وە ها مێتینگ و دەیان دانیشتن و چاو پێ کەوتنی ئەو کات کە دەنگ و رەنگی مەهاباد هەڵی گرت بۆوە، لە سەر فیلیمی ۱۹ می لی مێتری دەنگ و رەنگی مەهاباد (صدا وسیما) کە نیزیک بە ۲۰ ساعەت فیلم دەبێ، هەموویانم بە چەندین میلیۆن کری و بۆ حیزبم نارد!

فیلمەکانی ئەو مێتینگە ماوە، تەنانەت فیلمی هێرشی فانتۆمی ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ی شاری مەهابادیش هەر لەو فیلمانە دا

هەیە.

بە داخەوە، نازانم بۆچی کۆپیم لێ نە گرتن و هەموویانم بۆ ناردن. جار و بار کورتە فیلمیان لێ بڵاو دەکەنەوە.

ئەوەی من لێی حاڵی نابم بۆ چی فیلمی ئەو مێتینگە قەت بڵاو نابێتەوە!؟

دیارە لەو مێتینگە دا مامۆستایەک پەیامی مامۆستایانی شوێنێکی دەخوێنێتەوە و هێرش دەکاتە سەر ڕێژیمی بەعسی ئەفلەقی !!!!

کە پاشان کاک دوکتوور قاسملوو ڕوون کردنەوەیەکی دە دا و لە وێدا دەڵێ ئەوە مێتینگی حیزبی دێمۆکراتە و ئەو کەسانەی لێرە قسە دەکەن بە نوێنەرایەتی حیزب قسە ناکەن!!

قسەی ئاخر، تکایە ئەو وێنەی من دام ناوە، دەیان جۆری ئەو وێنەیە هەیە کە کریس کۆچێرای فەرانسەوی هەڵی گرتوون لە چوار چرای مەهاباد، لە مێتینگی دوای شەری ٣ مانگە ئازەرێ - سەرماوەزی ١٣٥٨! ئەو وێنانە بە وێنەی ١١ی ڕەشەمە بڵاو مەکەنەوە!

پشت سەری کاک دوکتووریش ئەو برۆ رەشانەی سەر کڵاوەی لە سەرە موخلیسی خۆتانە.

مرگ بر شا!

ڕێز و حورمەتی بێ پایان

برایم قەززاق

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢ی مارچی ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویژەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

